
کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٨-نیوەی دوهەمی گوڵان ١٤٠٢-مەی ٢٠٢٣

# ساڵیادی مانگرتنی گشتیی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەدژی ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوبەندەکانی



## سەروتار

ڕۆژی سێشەممەی ١٩ی مانگی گوڵان، هاوکاتە لەگەڵ سێزدەهەمین ساڵیادی ئێعدامی جەنایەتکارانەی "فەرزاد کەمانگەر" و هاوبەندەکانی: "شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مێهدی ئیسلامیان." ڕۆژی ٢٣ی مانگی گوڵانیش ساڵیادی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستانە لە وڵامدانەوە بەم جەنایەتە. ئێعدامی دژی ئینسانی پێنج لاوی تێکۆشەر کە تا دوایین ساتەکانی ژیانیان لە سەنگەری تێکۆشان دژبە ڕژیمی ئیسلامی خۆڕاگرییان کرد، بوو بەهۆی حەرەکەتێکی هاوئاهەنگی بە ملیۆنان ئینسان لە چوارچێوەی مانگرتنێکی گشتی لە سەرتاسەری کوردستاندا. ئێعدامی ئەم خەباتکارانە لە باروودۆخێکدا بەڕێوەچوو کە شەپۆلێك لە نارەزایەتی لە ئاستی ئێران و جیهان دژبە دەرکردنی حوکمی ئێعدامەکەیان کەوتبووە ڕێ. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی وەڵامی ئەو نارەزایەتیانەی نەدایەوە، بەڵام هەر لە ڕۆژی ئێعدام کردنی ئەوانەوە، هەستی بە تووڕەیی خەڵکی کوردستان دەکرد و ترسی کاردانەوەی خەڵکی لەدڵ نیشتبوو. هەربۆیە تەرمی گیانبەختکردووانی هەرگیز ڕادەستی بنەماڵەکانیان نەکردەوە. چوار ڕۆژ پاش ئەم ئێعدامانە بوو کە مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان لە نارەزایەتی بەم جەنایەتە شکڵی گرت.

درێژە لە لاپەڕەی ٢

گەشەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە قۆناغی دووهەمی شۆڕشی ژینا لە گرەوی چیدایە؟ لاپەڕەی ٣

ڕووی قسەی خەڵک لە کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە یان بۆخۆتان وازبهێنن، یان بەهێزی خۆمان لاتاندەبەین لاپەڕەی ٤

خاڵێکی سەرەکی بۆ لەکارخستنی دەزگای سەرکوتی ڕژیم! لاپەڕەی ٤

وتاری ماڵپەڕی کۆڵبەرنیوز لە کۆبوونەوی کۆڵن لاپەڕەی ٦

«کوپێک قاوە، جامێک خوێن» لاپەڕەی ٧

بەشێک لە راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە لاپەڕەی ٩



کرێکارانی کۆچبەر لە هەرێمی کوردستانی عێراق: چەوساندنەوە لە هەموو شوێنێک هاوشێوەی یەکە

لاپەڕەی ٨




ڕاگەیاندنی کۆتایی دووهەمین کۆنفرانسی «بەهێزکردنی گوتاری چەپ لە کوردستان»

لاپەڕەی ٥

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٨-نیوەی دووهەمی گوڵان ١٤٠٢-مەی ٢٠٢٣

**دریژە ی : (سەروتار)**

## وتەیەک بەبۆنەی ساڵیادی مانگرتنی گشتیی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەدژی ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوبەندەکانی!

ڕژیم بە خەیاڵی خاوی خۆی لای وابوو کە بە ئێعدامی پێنج خەباتکاری سیاسی، کەش و هەوای ترس و تۆقاندن زیاتر پەرە پێدەدات و خەڵکی کوردستان چاوترسێن و بێدەنگ دەکات. بەلام مانگرتنی گشتیی ڕۆژی ٢٣ی گولان وەلامی خەڵکی کوردستان بەو خەیاڵە خاوەی دەسەلاتدارانی ڕژیم بوو. بانگەوازی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی گشتی لەم ڕۆژەدا، لەگەڵ پشتیوانیی و هاوڕێیەتیی حیزب و هێزە سیاسیەکانی کوردستان و پێشوازیی بەرینی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئێران بەرەوڕوو بۆوە. لەم ڕۆژەدا کوردستان، یەکپارچە داخرا. کرێکارانی کارگەکان و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری مانیانگرت، کاسبکار و بازاڕییەکان دووکانەکانیان داخست، کارمەندانی ئیدارە دەوڵەتی و کەرتە تایبەتەکان نەچوونەوە سەر کارەکانیان، خوێندکاران، موعەلیمان و مامۆستایانی زانکۆ، کلاسەکانی دەرسیان داخست. بەمجۆرە هاوپشتیەکی گشتی لە ناڕەزایەتی بە کوشتنی بەندکراوانی سیاسی پێکهات. ئەم حەرەکەتە گشتییە نیشانیدا کە ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی، نە تەنیا خەڵکی کوردستانی چاوترسێن نەکردووە بەڵکوو ئیرادەی گشتیی ئەوانی بۆ خەبات لە دژی ئەم ڕژیمە و خۆڕاگری بەرامبەر بە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی، پتەوتر کردووە.

مانگرتنی سیاسیی گشتیی ٢٣ی گولان، هەموو لێکدانەوەکانی ڕژیمی شێواند. کوشتنی پێنج لاوی بەندکراوی سیاسی نە تەنیا نەیتوانی خەڵکی کوردستان بترسێنێ، بەڵکوو بڵێسەی ئاگری تووڕەیی ئەوانی بەرزتر کردەوە. خەڵکی کوردستان دەیانزانی کە ئەگەری ڕزگارکردنی گیانی باقیی ئازیزانی بەندکراویان، تەنیا لەم ڕێگایەوە مومکین دەبێت. ئەم مانگرتنە وەلامێکی ددان شکێن بوو کە خەڵکی کوردستان بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیان داوە. ئەم حەرەکەتە بەرین و لێبڕاوانە و بەجێیە، بە ڕژیمی نیشاندا کە ئەگەر کاردانەوەی خەڵک بەکەم دانێ، تووشی چ هەڵەیەکی گەورە دەبێت لە لێکدانەوەکانیدا.

ئەم ئەزموونە بۆ جارێکی دیکە دەریخست کە مانگرتنی سیاسیی گشتی شێوازێکە لە ناڕەزایەتی دەربڕین کە تیایدا درووشم و سیاسەتەکان لە ڕێگەی جەماوەرەوە، دەبنە هێزێکی ماددی و ڕێگایەکە بۆ ئەوەیکە ڕژیم لە نەبەردێکی درێژماوەدا ماندوو بکات و هێزی ڕکوتگەری لەکار بخات و جەماوەر دەرفەتی ئەوەی هەبێ خۆی بۆ هەنگاوەکانی دواتر ئامادە بکات. خەڵکی کوردستان بە بەکارهێنانی تاکتیکی مانگرتنی گشتی، ئیمکانی جم و جۆڵیان لە هێزە سەرکوتگەرەکانی دوژمن زەوت کرد و ڕێگای پووچەڵکردنەوە و ناکارامە کردنی سەرکوتگەریی ئەم هێزانەیان بە خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانیش نیشاندا. خەڵکی کوردستان لە گەلێک قوناغدا، توانا و هێزی یەکگرتووی خۆیان دژ بەم ڕژیمە نیشانداوە. لە وتنی "نا"یەکی بە هێز بە ڕیفراندۆمی پێکهێنانی کۆماری ئیسلامی لە بەهاری ١٣٥٨ تا کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان و ڕێپێوانی خەڵکی باقی شارەکان بۆ پشتیوانی لەوان و مانگرتنە شکۆدارە سیاسییە گشتییەکان هەر لەم ساڵەدا، لە زومرەی ئەو دژەکردەوە و پۆتانسێلانە بوون کە خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر سەرەڕۆیی و ملهۆڕیی ڕژیمدا لە خۆیان نیشانیانداوە. چەخماخەی شۆڕشی ژینا بە خۆپیشاندانی بەرینی خەڵکی شاری سەقز لە جەریانی ناشتنی تەرمی ژینا ئەمینی کە ناوی بوو بە ڕەمزی شۆڕش و بەدوایدا بە مانگرتنی سیاسی گشتی لە کوردستان لە ناڕەزایەتی بەم جەنایەتە لێدرا. شۆڕشێک کە ئاگری قین و تورەیی خەڵکی لەسەرتاسەری ئێران بڵێسەدار تر کرد و چەند مانگرتنی یەکپارچەی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا.

ئەم مانگرتنانە نیشانیاندا کە پاشەکشەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ئەودیوی سنوورەکان بە مانای کۆتایی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان نییە. نیشانیاندا سەرەڕای ئەم پاشەکشەیە، ڕیشەی ئەم بزووتنەوەیە لە قووڵایی کۆمەڵگادا بەهێزتر بووە. نیشانیدا ئەم بزووتنەوەیە خاوەنی هێز و وشیاری و ڕێکخراو و ڕێبەریی خۆیەتی. نیشانیدا کە جەماوەری خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان سەرەڕای هەژاری و برسییەتی و دەستکورتی، ئامادەن بە دڵ ئاواڵەییەوە لە پێناو سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامیدا، لە بژێو و ژیانی خۆیان هەزینە بکەن. نیشانیدا کە کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی سیاسییە و توانایی بە حیزبی بوونی لەسەرەوەیە. نیشانیدا کە مانگرتنی سەرتاسەریی جەماوەریی، دەکرێ وەک ئەزموونێکی خەباتکارانەی سەرکەوتوو، لە سەرتاسەری ئێرانیش بەکار بێت کە تیایدا هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم لە بەرامبەر ئیرادەی گشتیی جەماوەری خەڵکدا، داماو و بێ توانا دەبن و کارێکیان بۆ ناکرێ.

بەلام ئەگەر ئەم ئەزموونانە ڕێنوێنی خەڵکی کوردستان دەبن لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا، بۆ کۆمەڵەش مەیدانی ئەزموون و تاقیکردنەوەن، تا خاڵە بەهێزەکانی خۆی وەک ڕەوتێکی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست کە خاوەنی پێگەی کۆمەلایەتییە، بناسێت و کەم و کوڕییەکان و خاڵە لاوازەکانی خۆی لەم بوارەدا چارەسەر بکات و بەردەوام لەناو دڵی ڕووداوەکاندا بێت و ئاراستەی گونجاویان پێبدات. بێ گومان ڕۆژان و ڕووداوگەلێکی گرینگمان لەبەرە و کۆمەڵە بەرپرسیارییەتی خۆی لەپێناو تێپەڕاندنی کۆمەڵگای کوردستان لە خاڵە وەرچەخانە مێژوویەکان، بەرەو ئاسۆی ڕوونی ئازادی، دەناسێت و بە پشت بەستن هەر بەم جێگە و پێگەیە، ئەرکەکانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت.

سیاسەتەکانی کۆمەڵە لە وەها تاقیکردنەوەیەکی گەورەی کۆمەلایەتیدایە کە هەڵدەسەنگێندرێ. بێ گومان شۆڕشی ژینا لە دەسپێک و هەروەها لە درێژی خۆیدا ئەو مەیدانەیە کە مەیل و بۆچوونی سیاسی جیاواز لە کوردستان دەخاتە بواری تاقی کردنەوەوە. کۆمەڵە وەک هێزێکی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم شۆڕشە و مسۆگەرکردنی ویست و داخوازییە ڕەواکانی پشت ئەستورە بە خەڵکی شۆڕشگێڕ و خەباتکاری کوردستان. بەم بۆنەوە خوازیاری یەکگرتوویی هەرچی زیاتر و بەربلاوتری نێوان هێزەکان و جەماوەری خەڵکی هاوچارەنووسە. لەم ڕووەوە هەر کرێکارێکی چەوساوەی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمرۆ و سبەی هاوچینەکانی خۆی ئاشنایە، هەر ژنێکی ئازادیخوازی کە لە ئاست هەلاواردن و نا یەکسانییەکاندا سەری دانەنواندووە، هەر زەحمەتکێشێکی بێبەشی کە بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی ئازاد و ئاسوودە بە مافی خۆی دەزانێ، هەر هونەرمەندێکی دەروەستی کە خۆی لە ئاست ڕەنج و ئازارەکانی کۆمەڵگادا بە بەرپرس دەزانێ، هەر نووسەر و ڕۆشنبیرێکی کە پێنووسەکەی لە دژی ستەمکار و لە خزمەت بێبەشاندایە، هەر مرۆڤێکی ستەم دیتووی کە سووکایەتی و هەلاواردنی سەرچاوەگرتوو لە ستەمی نەتەوایەتی قەبووڵ ناکات، هەر لاوێکی پڕجۆش و خرۆش و شەیدای ژیان کە ئاوات و ئامانجەکانی لاوێتی خۆی لە دەرەوەی قەفەسەکانی سەرکوتی ڕژیم و لە جیهانێکی ئازاد و یەکساندا بەدی دەکات، دەتوانێت جێگە و پێگەی شیاوی خۆی لە ناو یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی، یان لە یەکگرتوویەکی خەباتگێڕانە لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا بدۆزێتەوە. کۆمەڵە دەبێ شێلگیرانە بەستێنی سیاسەتی یەکگرتوویی و هاوئاهەنگ کردنی ئەم هێزانە برەخسێنێت. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی هاوکاری هێزە سیاسییەکانی دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای هێڵێکی تاکتیکی ڕوون گەلێک پێویستە. کە لەم دواییانەدا خاڵە سەرەکییەکانی ئەم کاری هاوبەشە خرایە پێش چاوی خەڵکی کوردستان و ئێمە بە هیواین لە سەر بنەمای ئەم خالانە ئیزن ندرێت ڕژیم لە جیاوازییە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان بەمەبەستی درووستکردنی ناکۆکی و کەلێن خستنەناو لایەنەکان کەڵک وەربگرێت. بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان مێژوویەکی پڕ لە ئەزمونی هەیە کە جێگای تایبەتی لە شۆڕشی ژینادا بۆخوی مسوەگەر کردووە، هەر بۆیە نابێتە پاشکۆی هیچ ڕەوتێکی تری سیاسی کە ستەم و نایەکسانی و ناعەداڵەتی کۆمەلایەتی لە ژێر دروشمی چەواشەکارانەدا درێژە پێ ئەداتی.

لە ١٣هەمین ساڵڕۆژی شکۆدار و مێژوویی مانگرتنی گشتیی ٢٣ی گولاندا، ڕێز دەگرین لە یادی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی کە بوێرانە لە بەرامبەر دوژمندا خۆڕاگرییانکرد و گیانی خۆیان لەسەر ئەم پایەداریە دانا و، هەر بەم بۆنەوە بە پێویستی دەزانین بەرز و پیرۆز ڕابگرین یادی گیانبەختکردووانی شۆڕشی ژینا کە بوێرانە چوون بەگژ پاریزەرانی ستەم و ناعەداڵەتیدا. سلاو و درووديش دەنێرین بۆ خەڵکی بەئەمەگی کوردستان کە وەها شکۆدار، ڕێزیان لە یادی ئازیزانی گیانبەختکردوویان گرت.

***



پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٨-نیوەی دوهەمی گوڵان ١٤٠٢-مەی ٢٠٢٣

# گەشەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە قۆناغی دووهەمی شۆڕشی ژینا لە گرەوی چیدایە؟

**ن. بێهروز ناسری**

ئەگەر تایبەتمەندی سەرەکی چوار مانگی یەکەمی شۆڕشی ژینا بریتی بوو لە خۆپیشاندان و بەرەورووبوونەوەی لاوان و ژنان و خەڵکی شۆڕشگێڕی سەر شەقامەکان لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و لەو ڕێگایەدا، خەڵک تێچوویەکی زۆریان بەسەردا سەپا، لە چوارمانگی دووەمی شۆڕشی ژینا بەملاوە، خەڵکی شۆڕشگێڕ هەوڵیاندا بە پاشەکشەیەکی تاکتیکی لە خۆپیشاندانی سەر شەقام، بتوانن ڕادەی ئەو تێچووەی کە لە لایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە بەسەریاندا دەسەپێنرێت کەم بکەنەوە. لە قۆناغی دووهەمی شۆڕشی ژینا، هاوکات کە خۆپیشاندانی سەرشەقام کەمتر بۆتەوە، خەباتی چینی کرێکار و خانەنشینکراوان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕوواکانیان، سەرلەنوێ بە شێوەیەکی بەربلاو دەستی پێکردەوە و ژنان و کچانی دژبەری حیجابی زۆرەملێ، بە فڕێدانی حیجابەکانیان، خەباتی خۆیان دژی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران درێژە پێدەدەن کە ئێستاش ئەو خەباتە بەردەوامە.

سەرەڕای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی سەرتکوتگەرانەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوو، بەردەوام دەزگای سەرکووتی چالاکانە وەگەڕ خستووە، کوردستانی میلیتاریزە کردووە و بۆ سەرکووتی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە هیچ جینایەت و گرتن، ئەشکەنجە و ئێعدامی هەڵسووڕاوان دەستی نەپاراستووە، بەلام لە جەریانی شۆڕشی ژینادا دیتمان کە ئەو ڕژیمە جینایتکارە لە دژی خەڵکی کوردستان لە هیچ کردەوەیەکی جینایەتکارانە درێغی نەکرد و بە گوللەی چەکی نیزامیی بەرەنگاری شۆڕشگێڕانی بزوتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بوونەوە و دەیان کەسی شۆڕشگێڕ گیانی ئازیزیان لە دەستدا و هەزاران کەسیش بریندار و بە دیل گیران. لە پێوەند لەگەڵ بزوتنەوەی کوردستان پرسیار و لێکدانەوە زۆرە. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ لە هیچ سیاسەت و کردەوەیەکی سەرکوتگەرانە لە دژی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەستی نەپاراستووە. سیاسەتی زەخت و سەرکوتی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە ماوەی شۆڕشی ژینا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە زۆر توندتر لە شوێنەکانی تری ئێران بووە، لەشکرکێشییان بۆ کوردستان کرد و حکوومەتی نیزامییان لە شارەکانی کوردستان ڕاگەیاند. لە قۆناغی دووهەمی شۆڕشی ژینا کە تاکتیکی خەباتی خەڵکی شۆڕشگێڕ ئاڵوگۆڕی بەخۆیەوە دیت، چەند بابەت بەشێوەیەکی بەرجەستەتر هاتنە ئاراوە.

**یەکەم**: بارودۆخی کۆماری ئیسلامییە کە نەیتوانییوە هیچکام لەو قەیرانانەی کە لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی و کۆمەلایەتیدا لەگەڵی بەرەوڕوو بۆتەوە، چارەسەر بکات، هەروەها ڕژیمی ئیسلامی نەیتووانیوە هیچ پلان و بەرنامەیەک بۆ تێپەڕبوون لە قەیرانەکان بخاتەڕوو. تاکە پلانی گەورەی کۆماری ئیسلامی بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانەکاندا کەڵک وەرگرتن لە هێزی نیزامی و گرتن و ئێعدام بووە.

**دووهەم**: ئەوە کە خەڵک ترسیان لە ڕێژیمی ئیسلامی ڕژاوە و خەبات لە دژی بارودۆخی ئێستا و کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراجۆر لە ئارادایە. لەو پێوەندییەدا خەباتی بەربلاوی کرێکاران، خانەنشینکراوەکان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان و درێژەی خەباتی ژنان لە دژی حیجابی زۆرەملێ و نارەزایەتی کۆمەلایەتی لەدژی کۆماری ئیسلامی، ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێت کە خواستی ئاڵوگۆڕی ئابووریی، سیاسی و کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگای ئێران، ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە و خەباتیش بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی بووە.

**سێهەم** خاڵی گرینگ ئەوەیە کە: هەم کۆماری ئیسلامی و هەم ئۆپۆزیسیۆنی دەستەڕاستی بە یەکگرتوویی ڕانەگەیەندراو، بە شێوازی جۆراوجۆر و هاوبەش هەڕەشە لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و نەتەوەکانی ئێران دەکەن، مافەکانیان بە فەرمی ناناسن و هەر لە ئێستاوە خەت



و نیشان دەکێشن و تێدەکۆشن تا بە کۆکردنەوەی هێز، خۆیان بۆ سەرکوتی نەتەوەکان و بەتایبەت خەڵک و بزوتنەوەی کوردستان- ئامادە بکەن. "جیایی خوازی" و "پاراستنی یەکپارچەیی ئێران" و بەفەرمی نەناسینی مافە دێموکراتیک و ئازادیخوازانەکانی ژنان و پیاوانی کرێکار، خاڵی هاوبەشی نێوان کۆماری ئیسلامی و هەموو ئۆپۆزیسیۆنی دەستەڕاستییە لەدژی کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان.

لە هەلومەرجی سیاسی-ئابووری و کۆمەلایەتی ئێستادا هاتنەئارای پرسیار لە بارەی بزوتنەوەی کوردستان و گەشە و داهاتووی ئەو بزوتنەوەیە، گرینگی تایبەتی خۆی هەیە. هێمای گشتی بزوتنەوەی کوردستان بە خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی کوردەوە، دەناسرێتەوە. هەر بۆیە ئاماژە بەو خالانەی کە یارمەتیدەر بێت بۆ گەشەی بزوتنەوەی کوردستان لە قۆناغی دووهەمی شۆڕشی ژینادا، پێویستە کە بە هەمان ئەندازە گشتی بێت.

### پێوەندی نێوان نەتەوەکان و خەڵکی کوردستان

خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی کە بتوانێت بگات بە مافی ڕەوای خۆی کە بریتییە لە مافی چارەی خۆنووسین، پێویستی بە وشیاری سیاسی، هێز و ڕێکخراوبوون هەیە. بەهێزبوون بابەتێکی فرە ڕەهەندە. لایەنێکی ئەوەیە کە خەڵک لە ناوخۆی کوردستان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان یەکبگرن، لایەنێکی تری بەهێز بوون ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بتوانێت پێوەندییەکی دۆستانەو هاوپشتی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران و وڵاتانی دراوسێ پێک بهێنێت. بزوتنەوەی مافخوازانە، ئازادیخوازانە و دێموکراتیکی کوردستان پێویستی بە هاوپشتی گەلانی تری ئێران و ناوچەکە هەیە. دۆستی نەتەوەی زوڵم لێکراوی کورد، کرێکاران و زەحمەتکێشانی نەتەوەکانی دیکەن. خەڵکانێک کە دەردی هاوبەشیان هەیە، زمانی یەکتر باشتر حاڵی دەبن. ئەوە یەکگرتوویی و هاوپشتی نەتەوەکانە کە ڕێگای یەکگرتوویی ئازاد و داوتەڵبانەی نەتەوەکان لە یەک وڵاتدا لەگەڵ یەکتر مومکین دەکات.

### پێناسەی ئەسڵی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان

پێناسەی ئەسڵی بزوتنەوەی کوردستان ئەوەیە کە ئەو بزوتنەوەیە کە:

-دژی ستەمی نەتەوایەتی و هەر چەشنە هەلاواردنێکە

-خوازیاری وەدیهێنانی ئازادی و باقی مافە دێموکراتیکەکانە

-خوازیاری یەکسانی نێوان ژن و پیاوە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتیدا

-خوازیاری دەسەلاتدارییەتی جەماوەری و جیایی دین لە دەوڵەتە

-بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی پەنای بردووەتە بەر ڕێوشوێنێکی سیاسی و هێمنانە و بزوتنەوەی کوردستان هیچکات دەستی بۆ زەخت و زۆر و توندوتیژی دژی نەتەوەکانیتر نەبردووە بەلام ئەوە هەمیشە دەسەلاتدارانی سەڵتەنەت و ئیسلامی بوون کە خەباتی ئەو خەڵکە مافخواز و ئازادیخوازەیان بەرەو توندوتیژی بردووە و سەرکوتیان کردووە و هتد...

### یەکگرتنی چەپ و سۆسیالیستی کوردستان

لەهەر کۆمەڵگایەک کە چینی کرێکار و بەرەی چەپ و سۆسیالیستی ئەو کۆمەڵگایە ڕێکخراو و بەهێز بێت، بە هەمان ڕادەش بەرینترین ئازادی سیاسی و مافە دێموکراتیکەکان پارێزراون و خەڵکی زەحمەتکێش ئاسانتر دەتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و کۆمەڵگا بەڕێوە بەرن. ئەوە بۆ کوردستانیش ڕاستە. بە هەمان ئەندازە کە کرێکاران و بەرەی چەپ و سۆسیالیستی کوردستان یەکگرتوو و ڕێکخراو و بەهێز بن، بە هەمان ئەندازەش لە ئامانجی ڕزگاربوونی یەکجاریی نیزیکتر دەبینەوە.

### ناساندنی بزوتنەوەی کوردستان و مافەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا

بزوتنەوەی ڕەوای کوردستان پێویستی بەوەیە کە زۆر زیاتر لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە خەڵکانی جیهان بناسرێت و هاوپشتی نێونەتەوەیی بەدەست بهێنێت.

کەشوهەوای سیاسی لە کوردستان و پێویستی هاوکاری زیاتری لایەنە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان

لە ماوەیەکی کورتی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ کە کوردستان ئازاد بوو، فەزای کوردستان، بەتەواوی سیاسی بوو و خەڵک و حیزبە سیاسییەکان و شوڕا و بنکەکان لە فەزایەکی ئازاد دا لە شار و گوندەکانی کوردستان چالاکییان دەکرد. بەلام ئەوە ڕژیمی ئیسلامی ئێران بوو کە بە هێرشکردن بۆ سەر دەستکەوتەکانی شۆڕش لە شارەکانی ئێران و هێرش بۆسەر کوردستان، نە نەتەنیا سەرجەم ئازادییە سیاسییەکانی لەناو برد، بەڵکوو کوردستانی بە تەواوی میلیتاریزە کرد و هەر لەو کاتەوە کە خۆمەینی فەرمانی جیهادی دژی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ ڕاگەیاند، سیاسەتی گرتن، ئەشکنجە و ئێعدام لە دژی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کوردستان دەستی پێکرد کە تا ئێستاش هەروا بەردەوامە. لە قۆناغی دووهەمی شۆڕشی ژینا کە گروپە جۆراجۆرەکان تێدەکۆشن تا بەبلاوکردنەوەی مەنشوور و چالاکی ڕاگەیاندن بە پێی بەرژەوەندی خۆیان ئاڵترناتیڤی خۆیان دروست بکەن و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بەلاڕێدا بەرن، پێویستە کە هەم چینی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئاستی سەراسەری و هەم بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، پێناسە و مافەکانیان بە ڕوونی فۆرمۆلە بکەن و بە گوێی هەموو نەتەوەکان و جیهانی ڕابگەیەنن. بەرژەوەندی بزوتنەوەی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەم بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دوژمن و هەم بۆ پێکهێنانی فەزایەکی ئازاد و دێمۆکراتیک لە کوردستان، حیزبە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان، زۆرترین پێوەندی، هەماهەنگی و هاوکارییان پێکەوە ببێت. هەوڵدان بۆ گەشەی بزوتنەوەی کوردستان لە قۆناغی دووهەمی شۆڕشی ژینا، گەورەترین ئەرک دەخاتە سەرشانی هەموو حیزبەکانی کوردستان و خەڵکی شۆڕشگێڕ تا بە هێزێکی گەورەترەوە کوردستان و خواست و مافەکانی لە ئاستێکی بەربلاوتردا بناسێنێت و پشتیوانی بۆ دەستەبەر بکات.

سەرکەوتوو بێت بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان

سەرکەوتوو بێت دەسەلاتدارییەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ئێران و کوردستان

# ڕووی قسەی خەڵک لە کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە یان بۆخۆتان وازبهێنن، یان بەهێزی خۆمان لاتاندەبەین

لەم دواییانەدا ڕۆژنامەی «جیهانی سەنعەت» ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە پەرەسەندنی فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستە لە ئێران و کڕینی لەلایەن نەخۆشەکانەوە لە دەرەوەی وڵات بەهۆی دابەزینی بەهای تمەن بڵاوکردەوە.ڕۆژێک دوای دەنگدانەوەی بەرفراوانی ئەم ڕاپۆرتە، ناوەندی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی دادوەری ئەم ڕۆژنامەیەی بە «بڵاوکردنەوەی بابەتی بێ بەڵگە» تۆمەتبار کرد.هەروەها دادستانی تارانیش ڕایگەیاند کە پێویستە بەڕێوەبەری بەرپرسی ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژی شەممە ١٦ی گوڵان بچێتە دەسەڵاتی دادوەریی و بەڵگە و ڕوونکردنەوەی پێویست سەبارەت بە بابەتەکەی بخاتەڕوو.

دوابەدوای ئەم بانگکردنە، ئەم ڕۆژنامەیە ڕاپۆرتەکەی لەسەر ماڵپەڕ و هەژمارەکانی سۆشیال میدیای خۆی سڕییەوە.بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە بە سیاسەتی جێکەوتووی سانسۆڕ لە ئێران، ناتوانرێت ئەو ڕەنج و ئازار و موسیبەتانە بشاردرێتەوە کە بە هۆی هەژاریی بەربڵاوەوە بەسەر زۆرینەی دانیشتوانی ئەم کۆمەڵگایەدا سەپێنراون.بەڵام با بزانین لەو ڕاپۆرتەدا چی نووسرابوو کە دەسەڵاتدارانی حکومەت تەحەمولیان نەکردووە؟.ڕۆژنامەی «جیهانی سەنعەت» ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی گوڵانی ساڵی ١٤٠٢ لە ڕاپۆرتێکی مەیدانیدا نووسیبووی کە بەهۆی هەژاری لەڕادەبەدەری دانیشتوانی ئێران، ڕێژەی حاڵەتەکانی فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستە زیادی کردووە.

ئەم ڕاپۆرتە باس لە کوچەیەک دەکات کە ساڵانێکی زۆرە بە «بازاڕی فرۆشتنی گورچیلە» ناسراوە؛ کوچەیەک لە نزیک مەیدانی وەلیعەسر، کە نەخۆشخانەی «فیروزگەر»، نەخۆشخانەی پسپۆڕیی میزەڵدان و گورچیلەی تارانی لێیە.لە ساڵێک لەمەوبەرەوە لەم کوچەیەدا جگە لە گورچیلە، ڕیکلامی چاندنی جگەر و مۆخی ئێسک و گلێنەی چاو و بەخشینی «سپێرم و هێلکە»ش بەسەر دیوارەکانەوە زیاد بووە. ڕۆژنامەی «جیهانی سەنعەت» لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەیدا باسی نرخی ڕاستەقینەی گورچیلەشی کردووە بە پێچەوانەی ئەو نرخەی کە ئەنجومەنی گورچیلەی ئێران ڕایگەیاندووە و نووسیویەتی، لەبری نرخی ڕاگەیەندراوی ٨٠ ملیۆن تۆمان، نرخی ڕاستەقینەی گورچیلە لە نێوان ٥٠٠ ملیۆن بۆ یەک ملیارد دەگۆڕێت کە پێوەندی هەیە بە بارودۆخی خراپی نەخۆش و گروپەکانی خوێن و هەروەها ژمارەی دەڵاڵەکانی نێوان کڕیار و فرۆشیارەوە.

لە بەشێکی تری ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە «نزیکەی تەواوی فرۆشیارانی ئەندامەکانی لەش، بەهۆی کێشەی داراییەوە پەنا دەبەنە بەر ئەم کارە، هەروەها فرۆشتنی ئەندامەکانی لەش تەنیا گروپێکی تەمەنی دیاریکراو یان ڕەگەزێکی دیاریکراو لەخۆ ناگرێت و زۆربەی ئەو کەسانەش» تەمەنیان لە نێوان ١٨ بۆ ٤٠ ساڵدایە". هەروەها باس لەوەش کراوە کە هەندێک لە دەڵاڵەکان ئەو هاووڵاتیانەی کە بەهۆی هەژارییەوە پێویستیان بە فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستەیان هەیە دەنێرن بۆ وڵاتەکانی وەک دوبەی یان تورکیا بۆ ئەوەی ئەندامەکانی جەستەیان لە نێوان ٧ بۆ ١٥ هەزار دۆلار بفرۆشن.بارودۆخی نالەباری ئێستا، واتە بارودۆخی سەختی ژیان و بێ مافی و بێبەشییەکانی سەپێنراو بەسەر زۆرینەی خەڵکی ئێراندا، چیتر ناتوانرێت سانسۆر بکرێت. هەر تاکە حاڵەتێک لەو بارودۆخە دژوارەی ژیان بەسە بۆ دۆزینەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی تووڕەیی و بێزاریی خەڵک بەرامبەر بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. سانسۆرکردنی ئەم یان ئەو ڕاپۆرت ناتوانێت ئەم تووڕەییە دابمرکێنێتەوە.

چونکە خەڵک دەپرسن ئایا دەکرا ئەو سامان و ئیمکاناتەی لە کۆمەڵگادا هەیە، لەپێناو خۆشگوزەرانی و ئاسایش و ئاسوودەیی دانیشتواندا خەرج بکرێت و بەم شێوەیە کۆمەڵگا نەبێتە دۆزەخێکی گەورە بۆ زۆربەی هەرەزۆری خەڵک.بەڵام بۆچی ئاوایە؟ پرسیارێکی بێ وەڵامی کە تووڕەیی و بێزارییەکی ڕەوای بەدوای خۆیدا هێنا و دواجار ئاگری ئەم ڕق و تووڕەییە بڵێسەی سەند و خەڵک لە هەموو شوێنێک بۆخۆیان بە هاواری مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی وەڵامیان دایەوە و وتیان کە کۆماری ئیسلامی وەک نیزامێکی پارێزەری ستەم و نایەکسانی و بێ مافی مرۆڤەکانە.خەڵک لە ڕێگەی ئەزموونی ڕۆژانەی ژیانیانەوە بینییان کە ئەم دەسەڵاتە بە سیاسەت و کردارەکانی تا ئێستای، ئەم هەلومەرجە دژوارەی ژیانی بەسەریاندا سەپاندووە، بینییان کە ئەم حکومەتە لەگەڵ ویست و چاوەڕوانییەکانیان بۆ بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی ئینسانی ناتەبایە.بینییان کە هاواری دادخوازانەی ئەوان لەلایەن ئەم حکومەتەوە بە کوشتن و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان وەڵامی دەدرێتەوە و دواجار گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بۆ بەرگریکردن لە گیان و ژیانی خۆیان ڕاپەڕن و کۆتایی بە سەبەبکاری هەموو ڕۆژ ڕەشی و مەینەتییەکانی خۆیان واتە دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی بهێنن.

ڕاپەڕینی جەماوەریی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەمڕۆدا، سەرەڕای سەرکوتکردن و گرتن و هەڕەشە و سانسۆرکردنەکان، هەروا بەردەوامە بۆ ئەوەی هەموو توانا و هێزی خۆیان بەکاربهێنن بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەو کارەساتە مرۆییانەی کە گیان و ژیان لەپێناو پارووە نانێکدا هەرزان فرۆش دەکات.لە لایەکی دیکەوە، واقیعییەت ئەوەیە کە ئابووری ئێران سەرەڕای گەشبینی حکومەت، لە ساڵی ١٤٠٢دا هەڵاوسانی بەرز بەخۆیەوە دەبینێت. هۆکارەکەشی بەرلەوەی ئابووری بێت، بە تەواوی سیاسییە. پێکهاتەی ئەم دەسەڵاتە، چ وەک ئەوەی لەسەری بنیات نراوە و چ وەک ئەوەی بەناوی درێژەی دەسەڵاتەکەی پێناسەی کردووە، ناتوانێت هیچ کرانەوەیەک لەو ئابوورییەدا ڕێکبخات کە لە لێواری داڕماندایە.بۆ ئەم حکومەتە گەندەڵە، پاراستن و بەهێزکردنی هێزە سەرکوتگەرەکان و خەرجکردنی تێچوویەکی لەڕادەبەدەر بەمەبەستی فراوانکردنی بازنەی نفوزی خۆی لە وڵاتانی ناوچەکەدا لە ئەولەویەتی کارەکانیدایە.

بەرپرسانی حکومەت، ئاخووندە دەسەڵاتدارەکان، فەرماندە جینایەتکارە سەربازییەکان، نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامی و ئەو تاقمە لە ئاغازادە دز و گەندەڵانەی کە دەستیان بەسەر سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەدا گرتووە، سەبەبکاری تەواوی ئەم هەژاری و نەهامەتیانەن. فرۆشتنی گورچیلە و چاو، چارەسەر نییە. ڕێگەچارە بەردەوامیدان و بەهێزکردنی هەمان ئەو ڕێگایەیە کە دەستی پێکردووە، واتە ئەو ڕێگایەی کە سەرەنجام بە لەناوبردن و لەگۆڕنانی سەبەبکارانی مەینەتی و لەناوچوونی ژیانی مرۆڤەکان کۆتایی پێدێت. سیستەمی سەرمایەداریی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی نیزامی ئیسلامیدا یەکێک لە نامرۆڤانەترین فۆرمەکانی سیستەمی سەرمایەدارییە. مانەوەی ئەم دەسەڵاتە ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکێکی زۆرتر بەرەو نەهامەتی و ڕۆژ ڕەشی پاڵ پێوە دەنێت و کارەساتی مرۆیی زیاتری لێدەکەوێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە کە زۆرینەی خەڵکی ئێران، لە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خۆیاندا و هاوکات لەگەڵ درێژەپێدانی، بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییان ڕاگەیاندووە کە یان بۆخۆتان وازبهێنن، یان بەهێزی خۆمان لاتان دەبەین.ڕێگاچارە تەنیا بریتییە لە پەیوەستبوون بە ڕیزی ئەم نارەزایەتییانە و خەبات و بەهێزکردنی.

***

## خاڵێکی سەرەکی بۆ لەکارخستنی دەزگای سەرکوتی ڕژیم!

لەگەڵ بەردەوامبوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، پاراستنی تواناییەکانی سەرکوت، پرسێکی گرنگە بۆ هێزی دەسەڵاتدار. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سەرەکی بە پشتبەستن بەو تواناییە (سەرکوت) تا ئێستا توانیویەتی لەئاست بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەردا خۆڕاگری بکات.لێدانی تەپڵی «سەرکەوتن» بەسەر ئەو پرسەدا کە بە «ئاژاوەگێڕ» ناوزەدیان کرد، نیشانەیەکە لە هەوڵدان بۆ بەخشینی وزەیەکی نوێ بەم هێزە (سەرکوت) و کەمکردنەوەی نیگەرانی لەمەڕ لەکارکەوتنە چاوەڕوانکراوەکەی.لەم ڕووەوە بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە درێژەی ڕێگەی خۆیدا و بەمەبەستی تێکدانی هاوسەنگی بە زیانی هێزی دەسەڵاتدار و لەکارخستنی ئەم هێزە، گرنگییەکی جددی هەیە.

بەڵام چۆن؟ چۆنیەتی لەپێخستنی هێزی سەرکوت پتر لەوەی کە بابەتێکی تیئۆری بێت، پرسێکە کە پێویستە بە شێوەیەکی سەرەکی لە بواری کردار و پراکتیکی کۆمەڵایەتیدا وەڵام بدرێتەوە. لەم ڕووەوە پێش هەموو شتێک پێویستە ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە بەرینەی کە هیچ دڵخۆشییەکی بەم دەسەڵاتە نییە بەڵام تا ئێستا بە هۆکاری جۆراوجۆر نەکەوتووەتە گەڕ، ئازاد بکرێت و بکەوێتەڕێ.کەوتنەڕێ بەو مانایەی کە تێچووی بەشداریکردنی ئەم هێزە لە بزووتنەوەکەدا کەم بکاتەوە، پێویست ناکات ئەوان هەست بە تێچوویەکی قورس بکەن لەسەر شانی خۆیان، چونکە لە هەنگاوی یەکەمدا تێچوویەک تەحەمول دەکەن کە لە توانایاندایە.لە وەها حاڵەتێکدا زەمینە بۆ کۆکردنەوە و هێنانەمەیدانی بەشێکی هەرچی زیاتر لەو جەماوەرەی کە زۆر نارازین لەو دۆخەی ئێستا، خۆشتر دەبێت.

لە چ ڕێگایەکەوە؟ یەکەم: پەرەپێدان بە بزووتنەوە داخوازییەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیانی ئەمڕۆیانەوە هەیە، یەکێکە لە شێوازە کاریگەرەکان لەم بوارەدا. دووهەم: کاتێک قسە لە بزووتنەوە داخوازییەکان دەکرێت، دیارە کە زۆربەی هەرەزۆری کرێکاران و توێژی زەحمەتکێشی کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت.ئەو داواکاریانەی کە مەبەست لێیان کۆکردنەوە و هێنانەمەیدانی ئەو توێژە چەوساوە و بێبەشانەیە کە تا ئێستا بە شێوەیەکی بەرین نەکەوتووەتەڕێ. هاتنە مەیدانی کرێکاران و خەڵکی بێکار و نیمچە بێکار واتە ئەو پەراوێز کەوتوانەی کە بەداخەوە نەهامەتی و هەژاریی ئەوانی لەپێناو هەوڵی بەردەوام بۆ زیندوو مانەوەدا، لەخەبات دابڕیوە، خاڵێکی چارەنووسسازە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا. چونکە ئەگەر شەپۆلی بەهێزی بزووتنەوەی داخوازی بکەوێتەڕێ (ئاماژەکانی بە ڕوونی دیارە) کەشێکی گونجاو بۆ فراوانبوونی نارەزایەتی و مانگرتنەکان لە نێو کرێکارانی لەسەرکار لە هەموو کەرتە فەرمی و نیمچە فەرمییەکان دابین دەبێت، جگەلەوەش فەزایەکی گونجاوتر بۆ خەبات و خۆڕاگری بەربڵاوتری ژنان و لاوان لە دژی دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی و سەپاندنی یاسای کۆنەپەرستانە پێکدێت.

ڕێک لەبەر ئەم هۆکارە و هەروەها نیگەرانییەکی جددی سەبارەت بە دروستبوونی کەشێکی لەو چەشنەیە کە نیزامی دەسەڵاتدار سەرەڕای ئەوەی کە خۆی وەک «سەرکەوتوو» ڕاگەیاندووە، دەست لە سەرکوتکردن و بڵاوکردنەوەی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن لەناو کۆمەڵگادا هەڵناگرێت و هەر ڕۆژە جینایەتێکی نوێ دەخوڵقێنێت بۆ ئەوەی کەشێکی لەو شێوەیە دروست نەبێت. بێ گومان ناسینی میکانیزمەکانی دەزگای سەرکوت و سنوورداربوون و تواناییەکانی زۆر گرنگە.بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم هێزە، دەکرێت ئاماژە بە لیستێک لە شێواز و تاکتیکە تاقیکراوەکان بکرێت و لە داهاتوودا بەکار بهێندرێن.

بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە مەرجی ئەوەی کە بزووتنەوەیەکی جەماوەری بتوانێت بەرامبەر بە دەزگای سەرکوت بوەستێتەوە، گەلێک واوەترە لە تواناییە تەکنیکی و زانیارییەکان. ئەم توانایی و زانیارانە، بە هەموو گرنگییەکانیانەوە، بە تەنیا ناتوانن بزووتنەوەکە لە بەرامبەر سەرکوتگەرییەکانی دەسەڵاتدا بپارێزن. کۆکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەر لە دەوری بزووتنەوە داواکارییەکان و بزواندنی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە سەرەڕای هاوسۆزی لەگەڵ بزووتنەوەکە، لەکەناریدا ماوەتەوە، لە لێکدانەوەی کۆتاییدا ئامرازێکی کاریگەرە بۆ تێکدانی هاوسەنگی هێز لە نێوان هێزی سەرکوت و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا. بە واتایەکی تر مەرجی ئەو گۆڕانکارییەی کە سەرەنجام دەبێتەهۆی لەکارکەوتنی ماشێنی سەرکوت، کۆکردنەوە و وەگەڕخستنی ئەو نارەزایەتییە بەرینەیە کە لەناخی کۆمەڵگادا پەنگی خواردووەتەوە و هێشتا نەکەوتووەتەڕێ.

کۆکردنەوە و هێنانەمەیدانی ئەم هێزە خاموشە، واتە گواستنەوەی هەوڵ و تێکۆشانی تاکەکەسی ئەوان بۆ حەرەکەتێکی بەکۆمەڵ، تەنها بەوە مەرجدار ناکرێت کە بزانن ئەوەی ئەمڕۆ بەسەریاندا دێت زاڵمانە و ستەمکارانەیە، یان تەنانەت مەرجیش نییە کە بزانن کە بارودۆخی ژیانیان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژ بەڕۆژ دژوارتر و تاقەت پروکێن تر دەبێت، هەموو ئەم بابەتانە ئەمڕۆ بوونەتە ڕاستییەکی گشتی، بەدەر لەوانە، پێویستە ئەم هێزە یەدەگانە ئیرادەیان هەبێت بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەم دۆخەدا و هەروەها گەیشتبێتن بەو دەرەنجامەی کە ئەم گۆڕانکارییە بە هەوڵی دەستەجەمعی و خۆڕێکخستنی ئەوان لە شێوازی جۆراوجۆردا مومکین دەبێت. جگە لەوەش، زۆر گرنگە کە ئەوان ئومێدیان بە سەرکەوتنی حەرەکەتی دەستەجەمعی خۆیان هەبێت و گرتنی هەر سەنگەرێک لە بزووتنەوەکەدا بکەنە بناغەیەک بۆ گرتنی سەنگەری دواتر.

بێ گومان ئەو کەشوهەوا شۆڕشگێڕانەی ئێستا، ڕۆچۆتە ناو بەشێکی بەربڵاو لەو جەماوەرەی کە بە هێزی یەدەگی بزووتنەوەکە ناوزەدمان کرد و ڕۆحی کردار و حەرەکەت و هیوای بەتایبەتی لە نێو زۆرێک لە گروپەکاندا بەئاگا هێناوەتەوە، بەڵام بوونی واقیعییەتێکی لەم چەشنە بەو مانایە نییە کە هەیکەلی سەرەکی یان ئەو هێزە مەزنە، بەرەو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە هەنگاوی ناوە و ئامادەیە پێی پەیوەست بێت، لە هەمان کاتدا نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە سەرەڕای ئاستەنگەکانی سەرکوت و چاندنی تۆوی نائومێدی و بێهیوایی لەلایەن دەسەڵاتدارە دز و گەندەڵەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، دەستپێکی حەرەکەتی ئەم هێزە بەرینە کۆمەڵایەتییە و پەیوەست بوون بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەوە، زەمینەیەکی لەباری هەیە. حەرەکەتی بەربڵاوی بزووتنەوەکانی داواکاریی کە لە ئاکامدا ڕێکخراوبوون و پرسی ڕێبەریی دەهێنێتە ئاراوە، بەر لە هەرشتێک، لە گرەوی وەڵامێکی گونجاودایە بە سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی هێز، کە ئەمە خۆی پەیوەستە بە داڕشتنی ئەو شێواز و داواکاریانەی کە دەتوانێت هێز لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. بە هاتنە مەیدانی ئەم هێزە بەرینەیە کە نیشانەکانی لەکارکەوتنی دەزگای سەرکوت ئاشکرا دەبێت و هەڵوەرینی هێز تیایدا ڕوودەدات.



# ڕاگەیاندنی کۆتایی دووهەمین کۆنفرانسی بەهێزکردنی گوتاری چەپ لەکوردستان




لە ڕۆژەکانی ٦ و ٧ی مانگی مەی ٢٠٢٣ دووهەمین کۆنفرانس لە ژێر ناوی "بەهێزکردنی گوتاری چەپ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان"، بە بەشداریی کۆمەڵێک لە هەڵسوڕاوانی چەپ و سۆسیالیستی کوردستان لە شاری ستۆکهۆڵم و هەر وەها بەشدارانێکی تر لە وڵاتانی جۆراوجۆر و لە ڕێگای تۆری ئینترنێتەوە، بەڕێوە چوو. کونفرانسی دووهەم هەوڵی دا هەنگاوێک نزیکتر بێتەوە لەوەی بە کردەوە ئاڕاستە سیاسییەکەی کونفرانسی یەکەم جێبەجێ بکات، کە بە هەمان مەبەست لە مانگی فێڤریەی ساڵی ٢٠٢٣ دا بەڕێوە چوو. لە پێناو وەها ئامانجێکدا بەشداربووانی کۆنفرانسی دووهەم، لە کەشێکی دێموکراتیک و هاوڕێیانەدا، باری سەرنج و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە دەرفەت و ئاستەنگییەکانی بەردەم شۆڕشی ژینا و ئەو ڕۆڵەی لە چەپ چاوەڕوان دەکرێت خستیانە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەروەها پێداگرییان کرد لەسەر پێویست بوونی کاری هاوبەش لە پێناوی بە هێزکردنی گوتاری چەپ لە کوردستان و چونییەتی لابردنی گیروگرفتەکانی بەردەم ئەو ئەرک و هەنگاوانە.

بەرنامەی کاری کونفرانسی دووهەم لە سێ بڕگەدا بەڕێوە چوو. یەکەم، دەوری چاوەڕوانکراو لە چەپی کوردستان. دووهەم، بنەما سەرەکییە فیکریی و پێکهاتەییەکانی چەپێکی یەکگرتوو لە کوردستان. سێیهەم، هەنگاوە کردارییەکانی پێکهێنانی چەشنێک لە کاری سازماندراوی چەپەکانی کوردستان.

لە دوو توێی باسەکاندا بەشداربووان هاوکات لە لێکداندەوەی بارودۆخی سیاسی ئێستا، لە ژێر کاریگەری شۆڕشی ژینادا پێداگرییان کرد کە:

قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، ژینگەیی ئێرانی ژێر دەسەلاتی حکومەتی ئیسلامی قووڵتر بووەتەوە. ڕژیم ڕێگایەکی بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە هەمەلایەنە لە بەردەمدا نییە و بۆ چارەسەر کردنیان لە تاریکیدا پەل دەکوتێت. شپرزەیی بە سیاسەتەکانیانەوە دیارە و نیشانە سەرەتاییەکانی ڕاڕایی لە ناو ڕیزی هێزە سەرکوتگەرەکاندا دەرکەوتووە. شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"، کە تێیدا ژنان هەر لە سەرەتاوە جەمسەری سەرەکی بوون، ئاسۆیەکی نوێی دەرخستووە بەتایبەت کە بەشداربوونی گەرموگوڕی لاوان و خوێندکاران لەم بزووتنەوەیەدا هاوسەنگی هێزی جەماوەر و ڕژیمی بە قازانجی بەرەی خەڵک گۆڕیوە. هەربۆیە هەتا ئێستا کۆمەڵێک دەستکەوتی حاشاهەڵنەگر بە دەست هاتووە کە دەتوانن ببنە بنەمایەکی باش بۆ درێژەپێدان و بەرەوپێش چوونی ڕەوتی خەبات.

پێگەی ژن لە زیهنیەتی کۆمەڵگای پیاوسالاردا بە چەند قات باڵای کردووە. بۆ نموونە بەشێکی زۆر لە ژنان سەرپۆشی زۆرەملییان فڕێ داوە، کە هێمای ئیدئۆلۆژیکی ڕژیمی ئیسلامییە و ئەمەیان وەکوو ئەمری واقیع بە سەر ڕژیمدا سەپاندووە.

دەتوانین ئەنجامی دیالۆگ و لێکدانەوەی بەشداربووان لە چوارچێوەی بەرنامەی کاری ئەم کۆنفرانسەدا لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

☐- بەشداربووانی کونفرانس لە سەر ئەو ڕاستییە سوور بوون کە کۆمەڵگای ئێران، بە کوردستانیشەوە، پێی ناوەتە قۆناغێکی هەستیاری سیاسییەوە. وەلامدانەوە بە پێویستییەکانی ئەو سەردەمە ئەرکێکی تایبەت دەخاتە سەر شانی هەڵسوڕاوان و هێزە سیاسییە چەپ و سوسیالسیتەکان.

☐- بە وردبوونەوە لەسەر پێگەی دیار و گرنگی کوردستان لە خەباتی خەڵکی ئازادیخوازی هەموو ئێران دژی کۆماری ئیسلامی، و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینا لە کوردستاندا سەری هەڵدا و لە درێژەی خۆیدا کوردستان گرنگترین ڕۆڵی هەبووە لە بەردەوام هێشتنەوەی ئەو بزووتنەوەیەدا، ڕێکخستن و یەکگرتووکردنی هێزی چەپ، عەداڵەتخواز و سۆسیالیست لە کوردستان بووەتە پێویستییەکی هەنووکەیی و حەیاتی. لەو پێناوەدا بەشداربووانی کونفرانس لە سەر درێژەدان بە گفتوگۆ و ڕاوێژ بۆ بەردەوامبوونی هەوڵەکانی بە هێزکردنی گوتاری چەپ لە کوردستان لە ڕێگای کۆکردنەوە و هاوئاهەنگ کردنی هەڵسوراوانی چەپ و ئازادیخواز لە دەوری پلاتفۆڕمێکی دیارییکراو پێداگرییان کرد. پلاتفۆڕمێک کە ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی چەپ و پێشکەوتووخوازانەی خەباتی خەڵکی کوردستان بێت و بتوانێت بانترین ئاستی یەکگرتوویی کرداریی چەپەکان، ئازادیخوازان، یەکسانیخوازان و خوازیارانی نەمانی ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان، سەرەڕای هەبوونی بۆچوون و ڕوانگەی جیاواز لە نێوانیاندا، گونجاو بکات. بۆ ئەم مەبەستە کونفراس کۆمیسیونێکی دیاری کرد تا هاوئاهەنگی لەم پەیوەندەدا پێک بێنێت. کونفرانس دوای دوو ڕۆژ کاری پڕبە پڕ کۆتایی پێهات.

بەشدار بووانی دووهەمین کونفرانسی "بەهێزکردنی گوتاری چەپ لە کوردستان"

**نۆی مانگی مەی ٢٠٢٣**

***

## به کورتی!

وەزارەتی ئیتلاعات دوای چەند مانگێک ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی ژەهراویکردنی خوێندکاران و بەتایبەتی قوتابیانی کچەوە بڵاوکردەوە، کە سەرتاسەری پاساوکردنە. پاساوەگەلێکی وەک «مادەکان ژەهراوی نەبوون»، «تۆڕێک لەکاردا نەبووە (واتە ڕەنگە هەندێک کەس لە دوورەدەستترین ناوچەکانی وڵاتەوە تا تاران بڕیاریان دابێت کارێکی هاوشێوە لە ڕێگەی تەلەپاتیەوە بکەن)»، «خوێندکاران فێڵیان کردووە» و لە کۆتاییدا بەبێ ئەوەی ناسنامەی کەسێک یان گروپێک دەستنیشان بکرێت، دەوترێت کە دۆسیە لە دژی کەسانێک تۆمار کراوە و هەندێکیشیان تەنها هۆشدارییان پێدراوە!

ئەمڕۆ برادەرێک وتی ئەگەر تاوانباران خۆیان بیانویستایە ڕاپۆرتێک بۆ دۆسیەکەیان ئامادە بکەن، لەوە باشتر نەیاندەتوانی خۆیان بێتاوان نیشان بدەن.لەم وڵاتەدا پێناچێت هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ هەبێت لەنێوان ئەوەی کە تۆ کچێکی گەنجی وەک مێهسا ئەمینی بی و هاتبێتی بۆ بینینی خزمەکانت لە تاران، یان دایەگەورەیەک بی بە ناوی «ئومە کلسوومی بەساڵاچوو»

وە لەگەڵ منداڵەکانت سەفەر بکەیت لە هورمزگانەوە بۆ کرمان، یان تەنانەت ئەگەر کچە خوێندکارێک بیت و بچیتە قوتابخانە، لە هەموو حاڵەتەکاندا بۆی هەیە تەنانەت خێزانەکەت تەرمەکەشت نەبینن و لەلایەن حکومەتەوە بکوژرێیت.لێرە کەسانێکی بکوژ هەن کە دەکوژن، کەسانێک هەن کە ڕاپۆرتی ناڕاست دەنووسن و لەشکرێکی پاساوکەر کە پاساو بۆ درۆکان بهێننەوە.لە ئێراندا وا دیارە هەموو پارێزبەندییەکان لەناوچوون جگە لە یەک پارێزبەندی کە ئەویش پارێزبەندی کوشتنە.



پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
:Add
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٨-نیوەی دووهەمی گوڵان ١٤٠٢-مەی ٢٠٢٣

# وتاری ماڵپەڕی کۆڵبەرنیوز لە کۆبوونەوی کۆڵن بۆ پشتیوانی لە بڕیارنامەی داخوازییە لانیکەمییەکانی ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکانی ناوخۆ

**ئەم وتارە لەلایەن هاوڕێ «لاوێن ئەمانی»یەوە پێشکەش کرا.**

شۆڕشی ژینا گەلێک دیمەنی شکۆمەندی لە یەکگرتوویی جەماوەریی لە نێوان کەمینە جێندەرییەکان، چین و توێژە جیاواز و نەتەوە ژێر دەستەکانی کۆمەڵگا لە پێناو ئامانجێکی هاوبەشدا بەڵام هاوکات بە خواستی جیاواز و فرەچەشنەوە، خولقاند. شۆڕشێک کە بە دروشمی ڕزگاریخوازانەی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستانەوە و بە پێشەنگایەتی ژنان، لە دژی هەموو جۆرەکانی ستەم، نایەکسانی، چەوساندنەوە، هەڵاواردن و سەرەڕۆیی و بەردەوامیی ٤٤ ساڵەی سیاسەتی لەناوبردن و کوشت و بڕی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا سەری هەڵدا و بە پێشڕەویی سەرسوڕهێنەری خۆی و ڕادیکاڵیزەکردنی کۆمەڵگە، سەرتاپای ڕژێمی بە ئامانج گرت. شۆڕشێک کە بە شێوەیەکی بەرین پرسی ژنان و ستەمی ڕەگەزیی کرد بە یەکێک لە پرسە سەرەکییەکان و بە داخوازی دیاریکراو، پێشکەوتنخوازانە و فرەچەشن، لە سەرەتاوە سنووری خۆی لەگەڵ لایەنە کۆنەپارێز، دژە ژن و پاوانخوازەکان دیاریکرد. شۆڕشی ژینا ڕەنگە بۆ یەکەمین جار ئەگەر و خەونی "داهاتووی دوای کۆماری ئیسلامی" بە شێوەیەکی هەست پێکراو لە ئاسۆی کۆمەڵگەی ئێراندا خستە ڕوو و هێندەی تەواوی ئەو ستەمانەی کە ئەم پێکهاتە ئابووری، سیاسی و ئایدیۆلۆژیکە بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە و بە ڕێژەی ئەو بێئەژمار ژیانانەی کە ئەم ڕژیمە لەناوی بردوون، هۆکارگەلێکی هیوابەخشی بۆ وێناکردنی ڕۆژانی دوای ئەم ڕژیمە مەزهەبییە خولقاند؛ کە لە نێوانیاندا دەکرێ ئاماژە بەم بڕیارنامەی داخوازییە لانیکەمییەکانی ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکانی ناوخۆ بکرێت.

لە پێنجەمین مانگی بزووتنەوەی ژینادا و لەناو جەرگەی ڕۆژانێکدا کە لایەنە ڕاستڕەوە بەرژەوەندیخواز و کۆنەپارێزەکان بە هەموو توانای پڕۆپاگەندایی خۆیان و بەمیدیا زەبەلاحەکانیانەوە هەوڵیان بۆ بەلاڕێدا بردنی خواستە ڕاستەقینەکانی خەڵک، دەستگرتن بە سەر بزووتنەوەی جەماوەریی ئەواندا و داتاشینی ڕێبەر و بەدیلی دەستکرد دەدا و مەبەستیان ئەوە بوو کە بڵێن "چیتر ناتوانرێ لە ناوخۆوە کارێک بکرێت و دەبێ لە دەرەوەبەدوای ڕزگاریکەردا بگەڕێین" و هەروەها مخابن لە پەرتەوازەیی هێزە چەپ و



پێشکەوتنخوازەکاندا، ٢٠ ڕێکخراوەی پیشەیی و مەدەنی لە کاتێکدا کە سەرکوت و زەبروزەنگ لە ترۆپکی خۆیدا بوو، یەکێک لە پێشکەوتووترین بڕیارنامە بڵاوکراوەکانی تا ئێستایان وەک هەنگاوێکی ئەرێنیو پێشڕەو کە لە هەناوی کۆمەڵگە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆوە سەری هەڵدابوو، بڵاو کردەوە. سەرنجی ئەم بڕیارنامەیە لەسەر لێکگرێدراویی و یەکتربڕی بابەتە چینایەتی، ڕەگەزی، نەتەوەیی و ژینگەییەکان و تێگەیشتن لە جوگرافیای فرەچەشنی جەستە و دەنگە جیاوازەکان لە شۆڕشی ژینادا و ڕەنگدانەوەی بەشێکی بەرچاوی ئەم جیاوازی و فرەڕەنگییە لە خاڵەکانی ئەم بڕیارنامەیەدا، کاتی گونجاو لە بڵاوکردنەوەیدا و دیاریکردنی سنووری خۆی لەگەڵ هەردووک دەسەڵاتی شا و شێخ، ڕووداوێکی گرینگ لە ڕێچکەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی و پێداگریی لەسەر دەرچوون لەو کەشە تاک جەمسەرییە بوو. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش، هەر جووڵانەوە و خواستێکی جەماوەریی شۆڕشگێڕانە، بۆ چوون بەرەو ئاسۆی ڕزگاریبەخش و سەرکەوتنی دواجارەکی، پێویستی بە ڕەخنەی هاوسۆزانە و پێداچوونەوەی هاوکات لەگەڵ پشتیوانی و هاوکاری بەردەوام هەیە و بێگومان ئەم بڕیارنامەیەش لەم یاسایە بەدەر نییە، وەک چۆن نووسەرانیشی دانیان بەوەدا ناوە کە پێویستە ئەم بڕیارنامەیە کاری زیاتر و وردتری لەسەر بکرێت. گەلێک ڕەخنەی جۆراوجۆر لە پێوەند بەم بڕیارنامەیە باس کراوە: لەسەر ڕەهەندی کرێکاریی و چینایەتیەکەی، تاکوو پرسی ئابووری تایبەت بە ژنان، یاخود هەبوونی گوتارێکی وردتر و ڕاشکاوانەتر لە پێوەند بە کەمینە ڕەگەزییەکاندا کە بابەتێکی یەکجار هەستیار و گرینگە و هتد...بەڵام ئەوەی بۆ من بایەخێکی تایبەتی هەیە نەبوونی پرسێکی تەواو سیاسی وەک "مافی دیاریکردنی چارەنووس"ی نەتەوە ژێردەستەکانی ناوخۆی ئێرانە.

بێگومان پێشەنگی کوردستان وەک پنتی بزوێنەری شۆڕشی ژینا و پێداگری بەلووچستان و بەربڵاوی نارەزایەتییەکان لە پەراوێزدا، جارێکی تر ئەم ڕاستییەی بیرهێناوە کە پرسی ستەمی نەتەوایەتی و هەر بەو پێیەش "مافی دیاریکردنی چارەنووس" لە جوگرافیای ئێراندا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە داهاتووی سیاسی ئەم وڵاتەدا دەگێڕێت. ستەمە مێژوویی و لێکگرێدراوەکان بەتایبەت لە پێوەند بە فۆڕمی سەرمایەدارانەی گەشە و دەوڵەت-نەتەوەسازی لە یەک سەدەی ڕابردوودا کە لەسەر بناغەی سەرکوتی ناسنامەی "ئەوی دی" و ڕەواییدان بە لەناوبردن و سڕینەوە بەدی هاتووە، بۆتە هۆی ئەوەی کە لەم ناوچانەدا هەلومەرجێکی تەواو جیاوازی لە ڕووی سیاسییەوە لێ بکەوێتەوە. ئاکامی داسەپاندن و بەکردەوە دەرهێنانی توندوتیژانە و تێکەڵ بە هەڵاواردنی سیاسەتە چینایەتی-نەتەوایەتییەکان لە پەراوێزدا، ناوچەگەلێکی بەرهەم هێناوە کە لە زۆربەی بواره ئابووریی، کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکاندا لە ئاستێکی کارەساتباردان. چاوێک لە کۆڵبەرانی کوردستان و سووختبەرانی بەلووچستان بکەن؛ دیاردەگەلێک کە ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو دۆخە کارەساتبارەن کە لەم ناوچانەدا لە ئارادیە. دەرچووانی زانکۆ کە دانامەزرێن، ژنانێک کە دابینکردنی بژێوی بنەماڵەیان لەسەر شانی ئەوانە، پیر، لاو، منداڵ و زەحمەتکێشانی سەر سنوورەکانی کوردستان کە جگە لە مین و میلیتاریزم شتێکی تریان پێ ڕەوا نەبینراوە، هەموویان لە ئەنجامی پێکگەیشتنی هەژاریی، سەرکوت، چەوساندنەوە و هەڵاواردنی چەندهێندە، ڕوویان کردووەتەوە دیاردەیەکی ناباوی وەک کۆڵبەری.

بە پێی ئامارەکانی کۆڵبەرنیوز لە دە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ١٨٠٠ کۆڵبەر کوژراو و بریندار بوون. تەنیا لە ساڵی ڕابردوو لە کۆی ٢٣٤ کۆڵبەری کوژراو و بریندار، ٧٤٪یان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ڕژێم ڕوویداوە و ئەوە بە مانای وشە، کارەساتە! سووختبەرانی بەلووچستانیش لە دۆخێکی هاوشێوەدان. ڕەشەکوژیی کۆڵبەران لە کوردستان یەکێکە لە سیستماتیکترین، بەردەوامترین و هاوکات کەمتێچووترین تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوودا. وێنایەکی ئاشکرا لە تیرۆریزمی دەوڵەتی لە ناوچەیەکی داگیرکراو و هاوئاراستە لەگەڵ گوتاری شکستخواردووی دەوڵەت-نەتەوەسازی و سڕینەوەی "ئەوی دی" لەم ناوچانەدا. بەڵام هەر لەم پەیوەندەو لە بەرامبەردا ئێمە هاوکات شایەتی سەرهەڵدانی کلتوورێکی سیاسی پێشڕە و ئاوارتە لە بەرەنگاری، خەبات و دادخوازیش لە پەراوێزدا بووین کە بەداخەوە تا پێش شۆڕشی ژینا هێندەی پێویست ئاوڕی لێ نەدرابۆوە!

لەگەڵ ئەوەدا کە ڕەنگە زۆرێک لەم باسانە دووپاتە و چەندپاتە بن، بەڵام من بڕوام بەوەیە کە بۆ تێگەیشتن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەکان، پێویستە بە بەردەوامیی بگەڕێینەوە بۆ ڕیشەی هەلومەرجەکان و ئاڵۆزییەکانیان و ئەزموونی ژیاوی ئەم خەڵکە بە بنەما بگرین. لە وەها دۆخێکدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان لە تەواوی ئەم ساڵانەدا تا چ ئاستێک هەوڵیان داوە و توانیویانە لە ڕەنجی ئەم خەڵکە نزیک ببنەوە، لە کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەراوێز تێبگەن و بتوانن خواستەکانیان وەک خۆی بە هەند وەربگرن. کورتکردنەوەی خواستی نەتەوە ژێردەستەکان لە پرسی ئابووریی و کلتووریدا، بە بێ لەبەرچاو گرتنی سەرەکیترین لایەنی کە ڕەهەندێکی تەواو سیاسی هەیە، یارمەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشە مێژوویی و جێی مشتومڕەی نێوان ناوەند و پەراوێز نادات. بەرگری ڕاشکاوانە لە "مافی دیاریکردنی چارەنووس" و هەڵوێست گرتن لە هەمبەر دەستەواژەگەلێکی وەک "تەواوییەتی ئەرزی و یەکپارچەیی خاک و جیاییخوازی"، ئەو بابەتە هەستیارەیە کە جیاوازی هێزە پێشکەوتنخوازە ڕاستەقینەکان لە ناسیۆنالیست و ناوەندگەراکان دەردەخات. ئەم دەستەواژانە هەمووکات ڕەمزی سەرکوت و سڕینەوەی ناسنامە جیاوازەکان و هەروەها یەکێک لە پڕۆژەی دەسەڵاتەکانی یەک سەدەی ڕابردووی ئێران بووە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیان و نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئەم جوگرافیایەدا؛ پڕۆژەیەک کە هەر ئێستاکەش بە هەموو تواناوە لە لایەن ڕیفۆرمخوازەکانی دوێنێ و ڕژێم چەینجییەکانی ئەمڕۆکە و پاشاییخوازەکانەوە پێش دەچێت. بەڕەسمییەت ناسینی وەها مافێک لە چوارچێوەی پێناسە یاساییەکانیدا، ئەگەرچی بە مانای پێویستیی بە کردەوە دەرهێنانی نییە، بەڵام گەرەنتی جێبەجێ کردنی داخوازییە ئابووری و کلتوورییەکان دەستەبەر دەکات. بنەمای شۆڕشی ژینا خەباتی جەماوەریی بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆ بوو. لەمڕووەوە وەها مافێک پێویستە بنەڕەتیترین خاڵی هەر کردەوە و جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بێت. ئەرکی ئەم کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆکە و هەر هەوڵێکی هاوشێوەی تر هاوکات لەگەڵ پشتگیری ڕاشکاوانە لەجووڵانەوە پێشڕەوەکانی ناوخۆ و پێداگری لەسەر هێزی ڕاستەوخۆی خەڵک و پشتیوانی لە داخوازییە فرەچەشنەکانی ئەوان، دەبێ هەوڵێکیش بێت بۆ بەدیهێنانی بەستێنێک لەپێناو یەکگرتوویی هێزە پێشکەوتنخوازەکان بە مەرجی کراوەیی بەڕووی ڕەخنە، فرەڕەنگی و ئاوەز و ڕاگۆڕینەوەی ڕادیکاڵی بەکۆمەڵ. ئەمە ڕێک ئەو ڕوانگەیەیە کە لەم کۆبوونەوەیە سەرەڕای تەواوی دژوارییەکانی بەردەم بەڕێوەچوونیی، چاوەڕوان دەکرێت.

***



پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٨-نیوەی دووهەمی گوڵان ١٤٠٢-مەی ٢٠٢٣

# «کوپێک قاوە، جامێک خوێن»

**ئامادە کردن: سەلام قادری**

**شانۆ نامەی سەر شەقام، دەورگێڕان:یەک ئەکتەر. کەرەستەی پێویست:قۆرییەک قاوە و چەند کوپ و ئەو کەرەستانەی کە ئاماژەی پێکراوە دەرهێنەر بڕیار دەدات لە چ ئامرازێک و بە چ شێوەیەک کەڵک وەربگرێت.**

(کرێکارێک بە جلی ئیشەوە دانیشتوە و ماقی ناو لێوانی قاوەکەی بووە، قۆرییەک قاوە لەولاترەوەیە لەگەڵ چەند پەرداخێک) لە بەر خۆیەوە هەر دەڵێت کۆپێک قاوە،جامێک خوێن، کوپێک قاوە جامێک خوێن. ڕوو لە جەماوەر دەکات پێتان وایە شێت بووم؟ پێتان وایە گێل و گەوجم؟ نا هێندە زوو بڕیار مەدەن. وەرن وەرن سەرەتا کوپێک قاوە بخۆنەوە، کرێکارانی ماندوو، کرێکارانی لەخۆ ون بوو، وەرن وەرن بخۆنەوە، مەڵێن ناخۆین لە کار هاتووینەوە، دەمانەوێت زوو سەربنێینەوە با بەیانی زوو وەخەبەر بێینەوە و خاوەنکار پێمان نەوەڕێت، تەڵاقم کەوتبێ، (بزەیەک دەیگرێ و درێژە دەدات) من زۆر تەڵاق ئەخۆم، تەڵاقم کەوتبێ کرێکار ئەسیدیش بخواتەوە هەر خەوی لێدەکەوێ، تەڵاقم کەوتبێ فریای هینەکە ناکەوێت و وەک مەڕ مردارەو دەبێ. کەواتە ئارخەیان بن، ئارخەیان بن و مەترسن و بین بنێن بە پەرداخە قاوەکانتانەوە. ( دوای ئەوە کە چەند کەسێک لە قاوەکە دەخۆنەوە، ڕوویان تێدەکات و دەڵێ: چۆن بوو؟ هەستتان بە بۆنی خوێن نەکرد، هیچ گیری نەکرد لە بن دیانتانا،قەتماخەی خوێن یان تاڵە مویەک کە ئارەقی کرێکارێکی مەزرا دڵۆپاندبێتیە ناو قاوەکەتان؟ ڕەنگە بڵێن نا، حەقتانە.

لە یەکەم نیگادا کوپێک قاوە وەکوو بەرهەمێک کە مێژووی دوور و درێژی هەبێت، دەر ناکەوێت. باشتر وایە کە بیرمان نەچێت کوپێک قاوە لە زەویەوە دێت، لە کاری جووتیارانەوە، لە گواستنەوەیەکی دوور و درێژەوە لە باشوورەوە بۆ باکوور، لە بازاڕ و ڕیکلامەوە دێ، تا دەگاتە خانمێکی گەنج کە لە قاوەخانەیەکدا کە بە زەردەخەنەیەکەوە دەینێتە بەردەستمان. کەواتە قاوە وەک هەموو کاڵاکانی تر بەهای بەکارهێنان و ئاڵوگۆڕی هەیە. بەهای بەکارهێنانی قاوە هۆکارێکە بۆ ئەوەی پێویستە بیخۆینەوە. بیهێنە بەرچاوت، کەسێک کە بە پەلە دێت بە چاوی خەواڵوو بۆ خواردنەوەی کوپێک قاوە، دڵنیابە کرێکارە لە چێشتخانە یان بەنزینخانەکەی تر، یان شۆفێری بارهەڵگرێکە کە دەبێت بە درێژایی ڕۆژ لێبخوڕێت بۆ ئەوەی کاڵایەک بگەیەنێتە دوکانەکان. کەواتە، ناسینی بەهای بەکارهێنان ئاسانە. بەکارهێنەران پارەی قاوە، یان شتومەکی تر دەدەن چونکە پێویستیان پێیانە. بیهێنە بەرچاوت ئەگەر کوپێک قاوە چەند هێندە گرانتر دەبوو لەو نرخە کەمەکەی ئێستای. لە ئاکامی ئەم گریمانە ترسناکەدا دەبوو چی بکەین؟ ئەگەر نەمانتوانیبا پارەی ئەو هاوڕێیەی بەیانیمان بدەین کە بێت و یارمەتیمان بدات لە خەو ڕابین، ئەوە دەیتوانی ببێتە هۆی ناکۆکی لە نێوان خاوەن کارەکە و ئێمەدا؛ لەو حاڵەتەدا ڕەنگە پێویستمان بە وزەی زیاتر بایە بۆ دەست و پەنجە گەرم کردن لەگەڵ گوشاری خێرایی کار و بەهەڵپە بوونی خاوەن کار. ڕەنگە پێت وابێت زۆر دڵتەزێنە ئەگەر لەم کابووسە گریمانەییە بەئاگا نەبینەوە. هاوڕام لەگەڵت. کەواتە، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو واقیعەی کە هەبووە. خۆشبەختانە قاوە بە نرخێکی نزیک لە خۆڕییە، هە هە هە هە (قا قا پێدەکەنێ) هاتم بڵێم نزیک لە خۆڕایی، وتم نزیک لە خۆڕی، زۆریش هەڵە نەبوو، بەڵێ نرخی قاوە نزیکە لە خۆڕایی و هیچ شتێک ڕێگرمان نییە پارەیەکی کەمی بۆ بدەین و بەدەستی بهێنین و دەست بە ڕۆژێکی نوێی کارکردن بکەین.

(ڕوو دەکات لە خانمێک) سوپاسگوزار بە کچم، (ڕوو دەکات لە پیاوێک، ئینجا لاسایی قەشە دەکاتەوە) سوپازگوزار بە کوڕم، بۆکوێ دەڕوانی؟ بۆ کوێ سەرت حەوا داوە؟ بەس بڕوانە بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا، ئەوەی لە ڕەنجی مرۆڤ، ئەوەی لە زەوی و خوداکانی بەرهەم هێنان تێ نەگات، سەری لای ئاسمانە و خورافە و،خوا. ئەیچی کوڕی ئاسمان، کچی ژیان، قەدری زنجیرەیەک مرۆڤ بزانە کە کاردەکەن؛ تا قاوە بە زەردەخەنەیەکی ساختە و نرخێکی بەلاش بگاتە دەستمان. لە سیحر دەچێت، یان ڕەنگە هەندێک کەس بە خۆڕایی کار بکەن بۆ ئەوەی دڵخۆشمان بکەن و یارمەتیدەرمان بن بۆ دەستپێکردنی ڕۆژەکەمان بە زەردەخەنەیەکی شیرین و قاوەیەکی هەرزانەوە. نەخەیر چیرۆکی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی دەسەڵات کە بەستراوەتەوە بە کوپێک قاوەی سادەوە ، لەم ئەگەرە دڵگیرەوە دەست پێدەکات. کوپێک قاوە نزیکە لە خۆڕایی بەهۆی مێژوویەکی دوور و درێژی کۆیلایەتی, بەهۆی مێژوویەکی دوور و درێژی دەستێوەردانی کۆلۆنیالیستییەوە. قاوە بە نرخێکی گونجاوە، بەهۆی کاری منداڵان و بارودۆخی کارکردنی ناستاندارد لە ئەمریکای باشوور. ئەمەش ئەوەیە کە کارل مارکس ناوی لێنا «فیتیشیزمی کاڵایی». ئازاری ئەو مرۆڤانەی کە قاوەیان لە خوێنی خۆیان دروست کردووە، کە هێزی کارەکەیان کردووە بە کوپێک قاوە تا بێتە ناو جەستەمان و وزەمان بداتێ و بەرەو دروستکردنی کاڵایەکی دیکە بمانبات. کوپێک قاوە وەک خودا وایە لەناو جەستەی کاڵایەکدا کە دێتە خوارەوە بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییەکانمان.

بەڵێ خودا بە دەستی فریشتەیەکی زەردەخەنەکارەوە هاتە لای ئێمە. بێ دین نەبی ها، لامەسەب نەبی لامەزەو، ئێمە هەمیشە پێویستمان بە کاڵاکانە، پێویستمان بە خوداکانە و هەرگیز ناتوانین ڕێگا تەماوییەکانی پشت خوداکان ببینین؛ ئێمە ناپرسین چۆن و لە کوێوە کاڵاکان کە وەک خودا وان هاتوون. چوونکە سیاسەت بنی قوڵە و، ئێمەیش ئەونە ناچینە بنچە و بنەوانی شتەکانەوە. ئێمە، هە هە لێرەدا (قا قا پێدەکەنێ) ئێمە پێی خۆمان دەدەن بە پێخەسوو بۆ ئەوەی بنی بووکە بەفرینەمان بۆ دیاری بکات و هومێد بە خوا دەسماڵەکە بە سووری هەڵژنراو لە خوێن بهێنێتەوە بۆمان، ترحێو، بووک بەقەدەر مێزەرەکەی مالۆسا، ببورن مامۆسا مومارسەی ئازادیەکانی خۆی کردووە و ئێمەیش لە دەسرەسڕە سوورەکەدا بۆ بن و بێ بنی دەگەڕێین. سەیری ئەوە کە چۆن دۆش دای بردووە، بڕوا بۆی چۆن خەیاڵ بردویەتەوە، کوڕە کاکە با لە بووکێ بگەڕێن و بێینەوە سەر قاوە. قاوە، ئەوە پەیوەندییەکی قووڵی بە مێژووی کۆلۆنیالیزم و سەرمایەداریەوە هەیە.

پێداچوونەوەیەک بە مێژووی باسکراودا دەریدەخات کە لە ناوەڕاستی سەدەی ١٧دا، قاوە وەک کاڵایەکی گرنگی بازرگانی جیهانی سەریهەڵدا. ئیمپراتۆریەتی هۆڵەندا سەرکردایەتی کرد لە چاندنی قاوە لە کۆلۆنیەکانی داگیرکراو لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لەوێ بە توندوتیژی دانیشتوانی ڕەسەنیان کۆیلە کرد.

ئیستغلالکردنی کاری کۆیلە ڕێگەی بە کۆلۆنیالیستە هۆڵەندییەکان دا کە دانەوێڵەی قاوە بە هەرزان لە بازاڕەکانی ئەورووپادا بفرۆشن و لە ئەنجامدا خواستیان لە سەر قاوە زیاد کرد، گەشەی خواست لەسەر قاوە لە سەدەی هەژدەدا ئیمپراتۆریەتەکانی دیکەی ئەورووپای وەسوەسە کرد. بۆیە زلهێزە کۆلۆنیالیستەکانی ئەوروپا بازرگانی کۆیلەیان پەرە پێدا، ئەمەش پێشێلکردنی سیستماتیکی کەرامەتی ئینسانی کۆیلەکانی لێکەوتەوە. لە لایەکی دیکەوە، لە سەدەی نۆزدەهەمدا، گەشەی سەرمایەداریی پیشەسازی، بووە خاڵی وەرچەرخان لە بازرگانی جیهانی قاوە دا. هۆی، بە شێوازێکی بێ وێنە خواست لەسەر قاوە زیادی کرد، بۆ؟ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی چینی کرێکاری نەحەساوە لە وڵاتانی گەشە سەندوی ڕۆژئاوایی.

وەک دەبینین، چەندین هۆکاری مێژوویی بە یەکەوە یارمەتیدەر بوون لە هاندانی جەماوەری کردنی بازاڕی قاوە. یەکەم، زیادبوونی بەکارهێنانی قاوە پێویستی بە فراوانکردنی بەرهەمهێنان هەبوو لەسەر ئاستێکی بەرفراوان، هەروەها یارمەتیدەریش بوو بۆ بێنرخ کردن و دابەزاندنی نرخەکەی وەها کە کرێکاری پیشەیی لە ڕۆژئاوا، وەکوو ماشێنی کارخانەکان کە نەوتی هەرزانی پێویست بوو، دەبوو قاوەی هەرزان بگاتە لەشی بە ئامراز بووی و خێراتر و خێراتر هەڵبسوڕێ و پارە بۆ خاوەندەکانی کارگە و مەعمەل دروست بکات. بەڵێ دابینکردنی قاوەیەکی هەرزان وابەستەی هێزی کاری ئیستغلال کراوی مرۆڤی وڵاتەکانی پەراوێز کەوتووی سەرمایەدارییە. بەڵێ کێڵگەکان وێستگەکانی چەوساندنەوەی جووتیارانن و ئەوان بە دەم خوێن و ئارقیانەوە ڕۆدەچنە مەزراکان بۆ ئەوەی قاوە سەر لە عەرز بێنێتە دەروە و، خوێناو و خوێن و ئارەقە و ئارەق بگاتە ناودەمارەکانی ئێمە و، ئێمە بژێنێتەوە بۆ ڕۆژێکی تر و مەینەتییەکیتر. ئێمە بۆنی ئەم هەموو خوێن و ئارەقە لە قاوەکانمان ناکەین، چوونکە بازاڕی جیهانی پەیوەندییەکانی نێوان بەرهەمهێنەران و بەکاربەران تەمومژاوی دەکات، زۆربەی هاوڵاتیانی ڕۆژئاوا هەرگیز جووتیارێکی قاوە نابینن. ئێمە تەنها هەموو بەیانییەک زەردەخەنەی دەستکردی گارسۆنێک لەسەر کوپە قاوەکەمان دەبینین, نەک خوێنی منداڵی کرێکاری وڵاتە هەژارەکان.

## یەکی مەی

**سەلام قادری**

ئیتر تەرمی خەیاڵە چووکەکان لەکۆڵ مەنێ
ژیان بهۆنەوە
ئەوەتا ژەنیارەکان
گڕ دەژەنن
سروود بێژەکان بڵێسە دەڵێنەوە
ئەوانەی بژێوی ژیان دابین دەکەن
بە خشت، خشتی هەناسەیان
جیهانمانڕۆ دەنێنەوە
ئەمڕۆڕۆژی ئەوانەیە کە بە جلی ئیشەکانیانەوە
خرۆشی مێژوو دەژیێننەوە
ئەوانەی دەنگی ئەمڕۆژەیان بە بەرینایی جیهان ڕاگەیاند.
ئەمڕۆ ڕۆژی تاجو تەختی تاراجیەکان نییە
کە هەڵدەی بە باڵای درۆیینەیی سوڵتانا
ئەمڕۆڕۆژی ئەو دەست و دڵانەیە
کە زنجیری کۆیلایەتی دەڕەوێننەوە
ئەمڕۆیەکی مەیە
کرێکاران مەزرای ئەمڕۆژەیان
بە قەردەر بەر چاکی پڕ لە وانەی مانگرتن ڕازاندەوە
ئەوانەی کە مانیانگرت لە کپی و خامۆشی
مستیان لە هەموو تەمەنی بۆرژوازی وەشاندەوە
هەستیار بە شاعیر
ئەمڕۆ مارشی چینایەتی بە دەنگە
شەقام سەنگەری بە شکۆی جەنگە
یەک دەڕواو، هەزار دەڕوێ
ڕۆژ دەڕواو، ئاش وەر دەگەڕێ
ڕۆژێک حسێبی دزی و دزەکانیش دەردەکەوێ



# کرێکارانی کۆچبەر لە هەرێمی کوردستانی عێراق: چەوساندنەوە لە هەموو شوێنێک هاوشێوەی یەکە

ن. زانا سەعیدزادە

**ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی مانگی گوڵان، کرێکارێکی خەڵکی سەقز بەناوی "هیوا حسێنی" تەمەن ٣٩ ساڵ بەهۆی نەبوونی ئیمەنی شوێنی کار لە شاری سلێمانی گیانی بەخت کرد. هەر ئەمە بوو بە بیانوویەک کە چاوێک بکەین لە بارودۆخی کرێکارانی کۆچبەر لە هەریمی کوردستاندا.**

کۆچکردن هەمیشە بە ئامانجی جیاوازەوە ڕوودەدات. لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران لە پێناو دۆزینەوەی کار و دابینکردنی بژێوی ژیان لە هەوڵی کۆچکردندان. شوێنی مەبەستی زۆربەیان وڵاتانی دراوسێی ئێرانە. یەکێک لەو شوێنانە هەرێمی کوردستانە کە دەکەوێتە باکووری عێراق، ناوچەیەکی کە لە ڕووی جوگرافیا و فەرهەنگ و زمانەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بەشەکەی دیکەی خۆیلەودیوی سنوور واتا کوردستانی ئێران نییە .ئەمەشاوکات لەگەڵپەرەسەندنی بێکاری و دابەزینی خێرای بەهای تمەن لە ئێران،یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی زیادبوونی کرێکارانی کۆچبەری ئێرانی (زۆربەیان کوردن) لەهەرێمی کوردستان.

بەپێی ئاماری ناوەندی بەڕێوەبردنی کار لە هەرێمی کوردستان، ١١٥ هەزار و ٩٢٣ کرێکار لەم هەرێمەدا کار دەکەن، لەو ژمارەیەش١٤ هەزار و ٧٩٦ کرێکار لە دەرەوەی هەرێمەوەیان لە وڵاتانی دیکەوە بە ئێرانیشەوە بۆ کارکردن ڕوویان لەم هەرێمە کردووە.بەشێک لەو کرێکارانە هەندێکجار بەهۆی نەدۆزینەوەی کار ناچار دەبنڕوو لە کارە نافەرمییەکانی وەکدەستفرۆشی بکەن.

### دۆخی سەلامەتی کار لە هەرێمی کوردستان

لە دوایین ڕاپۆرتی ساڵی٢٠٢٢دا، یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان لقی سلێمانی،باسی لە نەبوونی مەرجە ستانداردەکانی پەسەندکراویرێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان کار لە هەرێمی کوردستان. هەروەها نەبوونی بیمەی تەندروستی بۆ ١٠٠٪ی کرێکارانی هەرێمی کوردستان و نەبوونی گرێبەستی دامەزراندن بۆ زیاتر لە ٨٢٪ی ئەو کرێکارانە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ بەشێک بوون لەو داتایانەی لە بەیاننامەی ئەم سەندیکایەدا بڵاوکراونەتەوە. هەرچەندە هیچ ئامارێکی فەرمی لەسەر ژمارەیڕووداوەکانی کار و قوربانییەکانیان لە هەرێمی کوردستان نییە، بەڵامیەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان لە لقی سلێمانی ژمارەی کرێکارانەیگیانبەختکردووی لە بەشی سەرپەرشتی ئەو پارێزگایە لە ساڵی٢٠٢٢دا ١٤ کەس ڕاگەیاند.

### یاسای کار لە هەرێمی کوردستان

یە کێک لە کێشەکانی کرێکارانی هەرێمی کوردستان، نەبوونییاسایەکی بەردە وام و گشتگیری کارە بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو کرێکارانەی کە چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە عێراق کاردەکەن. لە ئێستادایاسای ئاماژەپێدانی کار لە هەرێمی کوردستان هەمان ئەویاسایەیە کە عێراق لە ساڵی ١٩٧٨ پەسەندی کردووە کە جگە لە کەم و کووڕییەکی زۆر، کرێکارانی بیناسازی (زۆربەی کرێکاری کۆچبەری کوردستانی ئێران) ناگرێتەوە.زۆرێک لە کرێکارانی هەرێمی کوردستان پێیان وایە نەک هەر ئەمیاسایە (کە لە ساڵی١٩٧٨ پەسەند کراوە) بە تەواوی و سەد لە سەد لەلایەن خاوەنکار و دادگا پەیوەندیدارەکانەوە جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو هەندێکجار زۆر بەڕوونیپێشێلی دەکەن.

### دۆخی کرێکارانی کۆچبەری ئێرانی لەهەرێمی کوردستان

بەشێوەیەکی گشتی کرێکارانی کۆچبەری ئێرانی لە هەرێمی کوردستان



بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکرێن: کۆچبەرییاسایی (هاتنە ژوورەوە بە پاسپۆرت)، پەنابەرانی (خاوەن ئیقامە) و کۆچبەری نایاسایی (هاتنە ژوورەوەی قاچاخ). هەر سێبەشی ئەم کرێکارانە، بەپێی جۆری کارەکانیان، بەدەست هەمان کێشەکانی وەک نەبوونی ئەمنییەتی کار و کەمی و دواکەوتنیحەقدەستەوە دەناڵێنن. لە لایەکی ترەوە هەمیشە مەترسی گرتن و غەرامەکردن و دیپۆرتکردنەوە هەڕەشەیە بۆسەر ئەو بەشە لە کرێکارانی کە بە نایاسایی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان.

بەگوێرەیڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٧٪ی ئەو کرێکارانەی لە هەرێم کاردەکەن، منداڵانیکن کە تەنانەت تەمەنیان ناگاتە١٦ ساڵ.

عوسمان یەکێکە لەو کرێکارانەی بۆ کارکردن بە نایاسایی هاتۆتە هەرێمی کوردستان. دەشڵێت بەهۆیحوکمی قەدەغەکردنیچوونەدەرەوە و ئەو کێشانەی لە ئێران هەیبووە، بە قاچاخ خۆی گەیاندووەتە هەرێم بۆ ئەوەی بتوانێتهەزینەی نان و جلوبەرگی خێزانەکەی دابین بکات.عوسمان کرێکارێکیڕۆژکارە و بۆ دۆزینەوەی کار دەبێتڕۆژانە چەند کاتژمێرێک لەبەردەم مزگەوتی سلێمانی بوەستێت. ئەو هەروەهادەڵێت: ڕۆژێک پیاوێک هاتە بەردەم مزگەوتیجامیعەی سلێمانی (مزگەوتی گەورە) و وتی کرێکارێکم دەوێت بۆ ڕووخاندنی شوێنێکی بچووک لە دەرەوەی شار. قەرارمان ٣٠ هەزار دینار بوو بۆیەکڕۆژ. بەڵام کاتێک کارەکە تەواو بوو، وتی ١٥ هەزارت پێ دەدەم. من ناڕەزایەتیم دەربڕی و گوتم مەگەر قەرارمان چێ بوو. ئەویش کەدەیزانی کە من بە نایاسایی لە سلێمانی دەمێنمەوە، وتی باشە ئەگەر کارتی ئیقامەتت هەبێت ٣٠ هەزار دینارەکەت پێ دەدەم، ئەگەریش نا، ئەوا پەیوەندی دەکەمبە ئاسایشەوە تا بێن و بتگرن.

هەروەها موعتەسەم لە جوگرافیای کوردستانی ئێرانەوە هاتۆتە سلێمانی. ماوەی چەند ساڵێکە کرێکاری دەکات و هەربۆیە دۆخەکە باشتر دەناسێت: «بەپێی جۆری کارەکە، هەر کرێکارێکی ئێرانی لێرە لە نێوان٢٥ بۆ ٣٠ هەزار دینار مووچەی پێدەدرێت». «هەندێک کەس لە کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان کاردەکەن، لەوێ مانگانە تا ٧٠ هەزار دینار مووچەیان پێدەدرێت». موعتەسەم، کە لە سلێمانی نیشتەجێیە، دەڵێت: «لێرە کرێکاران هیچ گرێبەستێکی دامەزراندنیان نییە و هەموو شتێک لەسەر بنەمای قسە و متمانەییەکترە». بێگومان بۆ کۆمپانیاکان دەبێت کەسێک گەرەنتیت بکات. باقیئەو کرێکارانەی کە شارەزایی تایبەتیان نییە،دەبنە بەردەستی وەستاکارەکانو کار بۆ ئەوان دەکەن".

بە وتەی ناوبراو، ئەو کرێکارانەی کە کارێکی هەمیشەییيان نییە «پێویستە هەمووڕۆژێک بەیانی زوو بچنە بەردەم مزگەوتی گەورەی سلێمانی بۆئەوەیخاوەنکارێک بێت و بچێتە سەرکار». موعەتاسەم دەڵێت دۆخەکە بۆ ئەو کرێکارانەی کە شوێنی خەوتن و حەوانەوەیان نییەگەلێک خراپترە. ئەوان دەبێت بەشێک لە داهات/ کرێیڕۆژانەیان بدەن بۆ شوێنی خەوتن: هەروەها ئەو کرێکارانەش کەلەگەڵ کارەکانیانشوێنی خەوتنیان نییە، شەو بەکۆمەڵلە هۆتێلەکەم ئیمکاناتەکاندا بەسەر دەبەن. ئەوان بۆ مانەوەی هەر شەوێک لە هۆتێل و ژووری هاوبەشدا دەبێت پێنج هەزار دینار بدەن. هیچ کرێکارێکی ئێرانی لێرە (لە هەرێمی کوردستان) بیمە و ئیزافەکاری و ئیمتیازاتی دیکەیان نییە. ئەگەریش شتێکڕووبدات هیچ کەس بەرپرسیار نییە.

### منداڵانی کارکەر لە هەرێمی کوردستان

بەگوێرەیڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٧٪ی ئەو کرێکارانەی لە هەرێم کاردەکەن، منداڵن کە تەنانەت تەمەنیان ناگاتە١٦ ساڵ. ئەم ئامارە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە فەرمی لەلایەن حکومەتەوە و بەپێی پێناسەکان بە کرێکار دادەنرێن. لە کاتێکدالە شەقامەکانی شار بە تایبەت بە ئاراستەی شەقامی مەولەوی و کاوە، زۆر منداڵ هەن کە خەریکی کاری نافەرمی و دەستفرۆشین. منداڵەدەستفرۆشەکان بەزۆری کیسەی نایلۆن و ئاوی کانزایی و خواردنەوە و بنێشت دەفرۆشن.

تا ئێستا ئامارێکی ورد لەسەر ژمارە و نەتەوە و ڕەگەزی منداڵانی کارکەر لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە، بەڵام دیمەنەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی ئەو منداڵانەی لە هەرێمی کوردستان وەکدەستفرۆش کاردەکەن، ئاوارەی سورییان عەرەبی ناوچەکانی باشووری عێراقن کە لە سەردەمی شەڕی داعشدا. ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کردووە.

***



# بەشێک لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە کۆنگرەی ١٨ای کۆمەڵە

### کۆمەڵە، کوردستان و هەڵسەنگاندنی لایەنگیری و ئەرکەکان

١- بێکاری کرێکاران و چین و توێژە هەژارەکان، کوردستانی لە بارودۆخێکی دژواردا ڕاگرتووە، بەجۆرێک کە بەشێکی بەرچاو لە کرێکاران ناچارن بۆ دابینکردنی لانیکەمی پێداویستی بنەماڵەکانیان، پەنا ببەنەبەر دەستفرۆشی و بەکەمترین داهات دژوارترین هەل و مەرجەکان تەحەمول بکەن وە یان ڕووبکەنە کار و پیشەگەلێکی پڕمەترسی وەک کۆڵبەری لەسەر سنوورەکان. پەراوێزنشینی و گەڕەکە هەژار نشینەکان زۆر بەخێرایی پەرەیان ئەستاندووە، تەنانەت زۆرکەس لە ناوەندی شارەکانیشەوە بەهۆی گرانی و لەسەرەوە بوونی کرێی خانوو ڕوویان لە پەراوێزی شار و دێهاتەکانی دەوروبەری شارەکان کردووە. پەراوێزی شارەکان لە کەمترین ئیمکاناتی شاریی و خۆشگوزەرانی بەهرەمەندن و تەنانەت ئەو چواردیوارییەی کە ژیانی تێدا بەسەر دەبەن بەردەوام لەبەر مەترسی پەلامار و هەڕەشەی ڕووخاندنی لەلایەن پەئمووڕانی شارەدارییەکاندان. پەراوێزی شارەکان بوون بە چەق و ناوەندی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گەلێک دیاردە و زیانی کۆمەڵایەتی ئازاربەخش. لەدوایین بودجەی دەوڵەتدا کە ڕادەستی مەجلیس کراوە، بەڕەسمی و زۆر بەئاشکرا ناوچە هەژار و بێبەشکراوەکان و لەوانە پارێزگا کوردنشینەکانی بەشی ڕۆژئاوای وڵات پشتگوێ خراون.

٢- کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی هەژار و بێبەش لەسەراسەرری ئێران بەرژەوەندی و ئازاری هاوبەشیان هەیە. لەم ڕووەوە سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردستان، هاوپشتی و هاوخەباتی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی ستەم دیتووی کوردستان لەگەڵ جەماوەری هاوچارەنووسی خۆی لەسەراسەری ئێران گەلێک پێویستە. کوردستانی شۆڕشگێڕ بە پشت بەستن بە پتر لە چوار دەیە خەبات و خۆڕاگری لەبەرانبەر ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و بوونی هێزێکی بەتوانا و ڕێکخراوی چەپ و کۆمۆنیست، کە کۆمەڵە ( ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) بەستێنی سەرکییەتی، خاوەنی گەلێک ئەزموون و پۆتانسییەلە بۆ پاڵپشتی و بەهێزکردنی خەباتی مافخوازانەی سەراسەری لە دژی ڕژیم. پێویستە تەواوی ئەو ئەزموون و پۆتانسییەلە شێلگیرانە بەکار بهێندرێن.

٣- کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی چەپ و کۆمۆنیستی، خوازیاری یەکگرتوویی هەرچی زیاتر و بەربڵاوتری نێوان هێزەکان و جەماوەری خەڵکی هاوچارەنووسە. لەم ڕوویەوە هەر کرێکارێکی چەوساوەی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمڕۆ و سبەی هاوچینەکانی خۆی ئاشنایە، هەر ژنێکی ئازادیخوازی کە لە ئاست هەڵاواردن و نا یەکسانییەکاندا سەری دانەنەواندووە، هەر زەحمەتکێشێکی بێبەشی کە بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی ئازاد و ئاسوودە بە مافی خۆی دەزانێ، هەر هونەرمەندێکی دەروەستی کە خۆی لە ئاست ڕەنج و ئازارەکانی کۆمەڵگادا بە بەرپرس دەزانێ، هەر نووسەر و ڕۆشنبیرێکی کە پێنووسەکەی لە دژی ستەمکار و لە خزمەت بێبەشاندایە، هەر مرۆڤێکی ستەم دیتووی کە سووکاتی و هەڵاواردنی سەرچاوەگرتوو لە ستەمی نەتەوایەتی قەبووڵ ناکات، هەر کۆمۆنیستێکی شۆڕشگێڕی کە کەڵکەڵەی گۆڕینی زاڵمانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای لەسەردایە، هەر لاوێکی پڕجۆش و خرۆش و شەیدای ژیان کە ئاوات و ئامانجەکانی لاوێتی خۆی لە دەرەوەی قەفەسەکانی سەرکوتی ڕژیم و لە جیهانێکی ئازاد و یەکساندا بەدی دەکات، دەتوانێت جێگە و پێگەی شیاوی خۆی لە ناو یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی، یان لە یەکگرتوویەکی خەباتگێڕانە لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا بدۆزێتەوە. کۆمەڵە دەبێ شێلگیرانە بەستێنی سیاسەتی یەکگرتوویی و هاوئاهەنگ کردنی ئەم هێزانە بڕەخسێنێت. بۆ ئەم مەبەستە هەڵدان بۆ ڕاکێشانی هاوکاری هێزە سیاسییەکانی دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای هێڵێکی تاکتیکی ڕوون گەلێک پێویستە. نابێت ئیزن بدرێت ڕژیم لە جیاوازییە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان بەمەبەستی دروستکردنی ناکۆکی و کەلێن خستنەناو لایەنەکان کەڵک وەربگرێت.

- هەموو بەشەکانی تری کوردستان، هاوکاری و هەماهەنگی پێویست لە نێوان هێزە سیاسی و ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی پووچوڵکردنەوەی سەرجەم ئەو نەخشە و پیلانگێڕییانەی کە لەلایەن دەوڵەتەکانی ناوچەکەوە لە دژی ئەم خەباتە لە ئارادایە، بۆتە پێویستییەکی هەنووکەیی و حاشاهەڵنەگر. بۆ ئەم مەبەستە جێبەجێ کردن و بە کردەیی دەرهێنانی شێلگیرانەی بڕیارنامەی پەسەندکراوی ئەم کۆنگرەیە سەبارەت بە مەسەلەی کورد وەک بابەتێکی ناوچەیی، وڵامێکە بەم پێویستییە.

٥-کۆمەڵە لە هەموو بوارەکانی خەباتی ستەملێکراوانی کۆمەڵگادا خۆی بە بەشدار و بەرپرس دەزانێت. کۆمەڵە ڕەوتێکە کە پشت بەستووە بە زانستی سەردەمیانەی خۆی و سسیالیزم و مارکسیزم وەک زانستێک چاو لێدەکات کە بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت پێویستی بە خۆ نوێکردنەوە هەیە و بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان لە بەڵگەی زانستی، لۆژیکی و ئەو چالاکییە زانستییانەی پێوەندی ڕاسەوخۆیان بە ژیانی مادی کۆمەڵگاوە هەیە، بە ورەیەکی بەرزی خەباتکارانەوە کەڵک وەردەگرێت. کۆمەڵە ڕەوتێکە کە یەکگرتوویی و پێوەندییە ناوخۆییەکانی لەسەر بنەمای فرە چەشنی بیر و ڕا و کرداری یەکگرتووانە دابین دەبێ بوونی جیاوازی بیر و ڕا لەناو ڕیزەکانی خۆیدا بە ئەمرێکی سروشتی دەزانێت.

سەرەڕای

٦-خەڵکی کوردستان بەپێی سوننەتێکی جێکەوتووی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکاندا و هەروەها لە کاتی ڕووداو و موسیبەتە سروشتییەکاندا بەخێرایی دامەزراوە مەدەنییەکان پێکدەهێنن و تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بە هانای یەکترەوە دەچن و دامەزراوەگەلێکی پێویست بۆ ئەم مەبەستە پێکدەهێنن. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەر هەوڵ و کۆششێکی سەرکوتگەرانە نەیتوانیوە بەر بە پێکهاتن و شکڵ گرتنی ئەو دامەزراوە مەدەنیانە بگرێت. هەنگاوگەلێکی لەم چەشنە لە درێژەی هەر ئەو سوننەتانەدایە کە کۆمەڵە لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێراندا ڕەواجی پێداوە. لەم ڕووەوە هەوڵ بۆ جێ خستنی ئەم سوننەتانە بەبێ ڕاوەستان ئەرکی کۆمەڵە و بە تایبەتی تر هەڵسووڕاوانی ناوخۆیە.

٧- بەهێز کردنی جێگە و پێگەی کۆمەڵە لە ڕێبەرایەتی خەبات لە دژی ستەمی نەتەوایەتی بە پشت بەستن بە "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ حاکمییەتی جەماوەری"، "ستراتیژی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستان" و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە کاری بۆ دەکرێت. لەم پێوەندییەدا بەشداری چالاکانەتر لە باس و دیالۆگە سیاسی و نەزەرییەکان لەسەر داهاتووی کوردستان، خەبات و ململانێی نەزەری لەگەل ئەو ڕوانگە و بۆچوونانەی کە نە تەنیا هیچ یارمەتییەک بە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی وەک گرفتێکی کۆمەڵایەتی ناگەیەنێت، بەڵکوو ستەمی نەتەوایەتی جێگیرتر دەکات بۆ هەمیشە دەیهێڵێتەوە. بانگەشە بۆ ڕێگاچارەی کۆمۆنیستەکان و کردنی بە هوشیاری و شعووری زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، یەکێکە لە ئەولەوییەتەکانی کۆمەڵە.

٨- ڕاکێشانی هاوکاری سەرجەم ئەو هەڵسووڕاوە چەپ و کۆمۆنیستانەی ناوەوە و دەوەوەی وڵات کە دەیانهەوێت لە تواناییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا دەور و نەخشێکیان هەبێت و ئێستا ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی دیاریکراو نین، بانگهێشتی کەسایەتی و کۆڕ و کۆمەڵە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان بۆ پەیوەست بوون یان هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمەڵە، پەرەپێدان بە ئاستی پێوەندییەکان لەگەڵ کەسایەتی و لایەنەکانی پێشڕەو و جێگە موتمانەی خەڵک، بە تایبەت لەناو کوردستان، لەدەرەوەی چوارچێوەی حیزبی و ڕێکخراوەیی، یەکێکی ترە لە سەرەکی ترین کار و ئەولەوییەتەکانی کۆمەڵە. لەبەرچاو گرتنی تێبینی، ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئەوان لە خزمەت بە کۆمەڵگا و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، پێکهێنان و فەراهەم کردنی ئیمکانات و بەستێنی پێویست بۆ ئەوەی کە ئەو جۆرە کەسانە بتوانن وزە و تواناییەکانی خۆیان لە ئاستێکی بەربڵاوتردا بخەنەگەڕ، پەرپێدان بە تەشکیلاتی حیزبی بە تایبەت لەناو کارگا و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و ناوەندە کرێکارییەکان، بردنەسەرەوەی ئاستی تواناییەکانی تەشکیلات بۆ ڕاکێشانی لاوانی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستی هەڵسووڕاو لە زانستگەکان، لەناو ڕیزی مامۆستایان و ناوەندە فەرهەنگییە پێشکەوتوو و پێشڕەوەکان، پەرەپێدان بە نوێنەرایەتییەکانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، ....

درێژە لە لاپەڕەی ١٠



Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 428- May 2023
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# بەشێک لە راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە

درێژەی لاپەڕی ٩:

کەڵک وەرگرتنی درووست و پێویست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئامادەیی پێویست بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە پێشهاتێکی نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراو لە ناوەوەی وڵات و تەنانەت لە کوردستانی عێراقیش، لە زومرەی ئەو بوارانەن کە لە ئەگەری نواندنی دەور و نەخشی چالاک تێیاندا کۆمەک دەکات بە مەسەلەی یەکگرتوویی هێزی چەپ.

٩- تەشکیلات عەلەنی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق یەکێکی ترە لە مەیدانە هەرە گرنگەکانی کار چالاکی ئۆرگانە تەشکیلاتییەانی کۆمەڵە. پاراستن و بەهێز کردنی ئەم ناوەندە بەردەوام یەکێک لە ئەولەوییەتەکانی ئێمە لە قۆناغە جیاوازەکاندا بووە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لەسەر پێویستی پاراستنی ڕواڵەتی چەکادریی کۆمەڵە و پەرەپێدان و بەهێز کردنی بەپێی پیویست، پێداگری دەکەین، بەڵام لە هەمانکاتدا جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە ئیتر لەمێژە کوردستانی عێراق وەک پشتی جبهەی کار و چالاکی نیزامی ئێمە نایەتە ئەژمار. ئەو حیزب و لایەنانەی کە لە دیاریکردنی ستراتێژی نیزامی خۆیاندا ئەم ڕاستییەیان لەبەرچاو نەگرتووە، نە تەنیا هیچ ئاکامێکی باشیان لێوەرنەگرتووە بەڵکوو هەم بۆخۆیان زیانیان بەرکەوتووە و هەمیش ئەو ئیمکانەیان بۆ ڕژیم خوڵقاندووە تا لە ناو بەشیک لە جەماوەری خەڵکی کوردستاندا تۆوی بێ هیوایی بچێنێت و کاریگەریی نیگەتیڤ لەسەر وورەی خەڵک دابنێت.

١٠- پێویستە بازنەی هاوکاری و چالاکییەکانی کۆمەڵە لە کوردستان، لە ئاستی ناوچەکە و لە دەرەوەی وڵاتیش لەسەر بنەمای نەخشەڕێگا و هەڵسەنگاندنی کۆمەڵە بەو جۆرەی کە لە بڕیارنامەی مەسەلەی کورد وەک تەوەرێکی ناوچەیی ئاماژەی پێکراوە، پەرەی پێبدرێت. پێویستە کۆملە بە بەهێز کردنی جێگە و پێگەی خۆی لە ڕێبەریی بزوتنەوەی خەبات بۆ لابردنی ستەمەمی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران، وەک هێزێکی بەرپرس لە ڕەوتی خەبات و کەمکردنەوەی ڕەنج و ئازارەکانی خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستانیشدا کاریگەری خۆی هەبێت. پێویستە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە دابەشکردنی کار و ئەرکە ناوخۆییەکانی لەم پێوەندییەدا ئەم ئەرکە وەک یەکێک لە مێحوەرەکانی کار و چالاکی خۆی بزانێ و لەم بوارەدا هەوڵی چالاکانەتر بدات.

دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان لە هەرچوار پارچەی کوردستان سەرەڕای هەر ناکۆکی و جیاوازییەکی بەرژەوەندیخوازانە کە لەگەڵ یەکتر هەیانە، بە ڕەچاو کردنی گەلێک پلان و نەخشەی ئاڵۆز بەردەوام لەدژی خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیان خەریکی پیلانگێڕین. پێشڕەوی هەرچی زیاتری ئەرتەشی تورکییە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی خۆجێیی کوردستان و چاوپۆشی کردنی بە ئاشکرای دەوڵەتی عێراق لە ئاست ئەو داگیرکارییانە، جێگیر کردنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر سنوورەکان و تۆپبارانکردنی چەند ناوچەیەکی کوردستانی عێراق و هەروەها بوونی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی ئێران و تورکییە لە ئاسمانی کوردستانی عێراق، هەمووی ئەمانە بەشێکن لە پیلانگێڕییە بەردەوامە ناوچەییەکان لە دژی جەماوەری خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان. یەکگرتوو کردنی خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە مەبەستی پووچوڵکردنەوەی ئەو پیلانگێڕیانە یەکێکە لە ئەولەوییەتەکانی کار و چالاکی کۆمەڵە. کۆمەڵە لە هەرچەشنە هەوڵێکی ڕاستگۆیانە و سادقانەی دوور لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی لەم پێناوەدا پشتیوانی دەکا و چالاکانە بۆ بە سەرەنجام گەیاندنی تێدەکۆشێت.

***

# ڕێگای هەتاو

**ن: نازم حیکمەت**

**و: پەیمان**

ڕۆشنایی دێتە پێشێ و
سەر تاپا دامدەگرێ
دنیا جوانە
وە دەستەکانم لێوڕێژی حەز و تاسە
چاو لەسەر دارەکان ناگوێزمەوە
کەوا سەوز پۆشن و ئارەزوویان بەرگرتووە.
ڕێگای هەتاو بە پێچوپەنای دیوارەکاندا
دەگوزەرێ
لە پشت پەنجێرەی دەرمانگاوە دانیشتووم
بۆنی دەرمان هەست ناکرێ
مێخەکەکان لە شوێنێکدا پشکوتون
دەزانم.
ئەسیر بوون گرنگ نییە
ئاگاداربە!
گرنگ ئەوەیە کە تەسلیم نەبی.
دەرمانگای
زیندان

## ماڵپەڕە حیزبیەکان:

**پەیام سایتی سیاسی هەواڵنیری**
www.payaam.net

**حیزبی کۆمۆنیست ئێران**
www.cpiran.net

**کۆمەڵە:**
www.komalah.org

**ئینستاگرام:**
@Komalamedia

**تێلێگرام:**
@Komalamedianetwork

# دواستون: لە پەراوێزی وتراو و نەوتراوەکاندا...

عەلەوی بروجێردی لە «ئایەتولڵاکان»ی پرسیوە: بۆچی خەڵک بەم شێوەیە متمانەیان بە ئێمە نەماوە؟»ناوبراوڕوو لە بەرپرسەکان بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: « بیکەن بەخاتری خودا ئاگاتان لە قسەکردنەکانتان بێت! شتێک مەڵێن کە خەڵک برەنجێنێت».بیکەن بەخاتری خودا لە دانی بەڵێنەکانتاندا هەندێک شت لەبەرچاوبگرن“. کار گەیشتووەتە ئاستێک کە ئەم ئایەتولڵا»یەش دەرکی بەوە کردووە کە بەرپرسەکان بەڕاستی هەموو سنوورێکیان بەزاندووە، بە قسە و کردارەکانیان خەڵکیان بێزار و ماندوو کردووە و جەماوەریان لەخۆیان دوورخستۆتەوە،ڕەنگە دۆخەکە لەوەش خراپتر بێت کە هەیە.بروجێردی سوێندیان دەدات کە لانیکەم لەدانی بەڵێنیدا هەندێک شت لەبەرچاوبگرن.هەڵبەت شتێکی زۆری ناوێت، تەنها کەمێک بەسە، چونکە دەزانێت زیاتر لە کەمێک، بازاڕی مەلاکان بە تەواوی دادەخرێت. ئەوان هەموویان بەدانی بەڵێنی، دوکان و بازاڕی خۆیان لەسەرپێ هێشتووەتەوە، پیشەی ئەوان ئەوەیە کە دائیم بەدانی بەڵێنی درۆینەی بەهەشت، ئەو دۆزەخەی کە بۆ مرۆڤە زەحمەتکێشەکانی ئەم جیهانەیان خوڵقاندووە، بەردەوام بهێڵنەوە. لە درێژەی قسەکانیدا بڕۆجێردی ڕوو لە بەرپرسان دەکات و دەڵێت « ئاغایانی بەرپرس!» ئێمەڕۆژگارێکی وامان نەبووە کە لە قوم، ناوەندی حەوزەی عیلمییە، لەسەر ئەو شەقامەی کە دەفتەری هەموو مەرجەعە ئاینییەکان و سەروەرانی لێیە، بە ئۆتۆمبێلێک خۆ بە خوێندکارێکی ئایینیدا بکێشن، ئینجا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە زەبرەکەیان کاریی بووە، دابەزن و بە چەقۆ کارەکەیان تەواو بکەن!ئایا بیرکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە ئێمە ئەوە بووە؟!دەبێ بڵێین کە ئەگەریش خەڵک پێشتر بەهەر هۆکارێک تێڕوانینێکی وایان نەبووبێت، بەڵام ئەمڕۆ دەبینن کە هەیانە، دەتانکەن بەژێرەوە و عەمامەکانتان فڕێ دەدەن، بۆچی؟ چونکە سەردەمی بازاڕی ئێوە ئایەتولڵا و حوجەتول ئیسلامەکان و هتد... بەسەرچووە، ئێوە لەگەڵ ژیان لە دونیای ئەمڕۆدا، لەگەڵ ئازادی و کەرامەتی مرۆڤایەتیدا، ناتەبا و ناسازگارن. دەبێت بڕۆن و وازبهێنن، پێداگریی لەسەر مانەوە، هیچ سوودێکی نییە، بە گوتەی پەروانە سەلحشووری پەرلەمانتاری پێشوو، نەوەکانی دەیەی هەشتاکان وەک نەوەکانی دەیەی شەستەکان ملکەچ و گوێڕایەڵ نین.ئەوان گۆڕاون. ئەوە بەو مانایەیە کە کۆمەڵگاش گۆڕاوە و چاوەڕوانییەکان گۆڕاون و چیتر ناتوانن بە وەعدە و بەڵێنی درۆینەی بەهەشت، ئەو جەور و ستەم و هەڵاواردنەی ئەمڕۆ درێژەی پێ بدرێت. هیچ شتێک بە زەبری زۆر ناکرێ، هەروەک بینیشتان نەکرا. پرسی حیجابی ئیجباری نموونەیەکیڕوونە لەم بابەتەوە. ئەم نوێنەرەی پێشوو لە بەشێکی تری قسەکانیدا دەڵێت: دەڵێن ئێران خەریکە هاوشێوەی کۆریای باکووری لێبێت، بەڵام نەخێر، لەڕاستیدا کۆریای باکووریش وەک ئێمە نییە.کۆریای باکوور لانیکەم تا ئەوڕادەیە دەستوەردان لە پرسی جلوبەرگ و ژیانی خەڵکداناکات و شتێکشیان بەناوی مەسەلەی حیجاب نییە.بەپێی ڕاپۆرتی ئیعتماد ئۆنلاین،ڕۆژی هەینی ٨ی گوڵان، گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کرایەوە، کە تێیدا دەردەکەوێت لە میترۆی تاران بە پەردەیەک کابینەکانی بەشی ژنان و پیاوان لەیەکتر جیاکراوەتەوە.ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات، نەک هەر شەقامەکان دەبێت بە پەردە لێک جیابکرێنەوە، بەڵکوو تەنانەت نابێ چێشتخانە کراوەکانی ناو ماڵەکانیش بمێنن.پێدەچێت ئەم گرتە ویدئۆییە دەنگدانەوەیەکی زۆری بووبێت کە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای میترۆ سەبارەت بەڕەخنەگرتن لە گەلاڵەی جیاکردنەوەی دەرگا و پەردەی جیاکردنەوە لەناو قەتارەکاندا هاتەدەنگ و وتی:دانانی دەرگای بەربەست بۆڕێگری کردن لە چوونە ژوورەوەی پیاوان بۆ ناو کابینەکانی ژنان، بە دیزاینگەلێکی گونجاو کە بە هێمای بۆنەکان و هێمای فەرهەنگی و تەبلیغاتی داپۆشراوە، کە بەپێی هەلومەرجەکان دەکرێت ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێت، واتە دەتوانێت بگاتە پەردەی ناو کابینەکانیش. کەواتە کێشەکە تەنها سەرپۆش نییە، بەڵکوو هەموو کۆمەڵگایە، کە لەگەڵ فەرهەنگی ئایەتولڵاکان ناگونجێت. یەکێک لە نموونەکان دژایەتیکردنە لەگەڵ ماتۆڕسواریی ژناندا. مریەم تەڵایی، قارەمانی ماتۆڕسواریی ژنانی ئێران، لەڕۆژنامەی ئیعتماددا وتوویەتی:بەربەست هەیە لەبەردەم ژناندا سەبارەت بە ماتۆڕسواریی و لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت «تێناگەم بۆچی کاتێک ژنان لەبەشی دواوەی ماتۆڕەکە دادەنیشن هیچ کێشەیەک نییە، بەڵام ئەگەر ٢٠ سانتی‌متر زیاتر بچنە پێشەوە هەم کێشەی ئایینیی دروست دەبێت و هەم کێشەییاسایی و نەریتی؟“. ڕەنگە بە لەبەرچاوگرتنی مەرجەکان، جۆری دانیشتن لەسەر ماتۆڕ بگۆڕدرێت و ببێتە ئیسلامی و تەنانەت کار بگاتە کێشانی پەردەش.هەڵبەت لە مەراسیمی پێدانی خەڵاتی پێشبڕکێیەکی شاخەوانی دووچەرخە لە شاری تۆنکابۆن لە پارێزگای مازەندەران کە لە ٨ی گوڵانی ساڵی ١٤٠٢دا بەڕێوەچوو، پیاوانی دووچەرخەسوار بە نیشانەی پشتگیریکردنی ئەو ژنانەی کەڕێگرییان لێکرا بچنە پێشبڕکێ کەوە،سەکۆی خەڵاتەکەیان بایکۆت کرد. هەڵبەت بەرپرسان دواتر بەدانی بەڵێنی ئەوەی کە پێشبڕکێی ژنان لە قۆناغی دووەمدا ئەنجام دەدەن، پیاوە دووچەرخەسوارە نارازییەکانیانرازی کردبوو کە بەشداری پێشبڕکێکە بکەن.بەڵام سەرەنجام بەهۆی ئەوەی پێشبڕکێی ژنان ئەنجام نەدرا، پیاوانی براوە، بایکۆتی مەراسیمی خەڵاتکردنەکەیان کرد و نەچوونە سەر سەکۆ. جگە لەمەش ئەم ئاغایانە کێشەیان لەگەڵ هەموو شتێکدا هەیە، لەگەڵ ماڵ و قوتابخانە و شەقام و میترۆ و ماتۆڕ و دووچەرخە و ئۆتۆمبێل و کۆنسێرت و دوکان و، بەگشتی لەگەڵ کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران کێشەیان هەیە.چونکە بە وتەی کەوسەریی یەکێک لە ئەندامانی پەرلەمان، حیجاب پرسێکی یاساییە و لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی، ناوەندە بازرگانییەکان دەبێت دابخرێن، ئەگەر خەڵک ڕێ وشوێنەکانی حیجاب لەبەرچاونەگرن، بەرد لەسەر بەرد بەند نابێت.ئایا بەڕاستی وایە؟ بەڵام بۆچوونی یەکێکیتر لە ئایەتولڵاکان بەمجۆرە نییە. مەکارم شیرازی لەم بابەتەوە هاتۆتەدەنگ و دەڵێت: سەرچاوەی مادە هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی و دزی و چەندین تاوانی تر و لەوانە حیجابیش، کێشە ئابوورییەکانە. پێویستە بەردەوام دەرئەنجامی کێشە ئابورییەکان وەبیر دەسەڵاتداران بهێنرێتەوە بۆ ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن و بە هەرڕادەیەک کێشە ئابوورییەکان کەم ببنەوە و مرۆڤەکان بتوانن ژیانێکی تەندروست بژین، تاوانەکانیش بە هەمان ڕێژە کەم دەبنەوە. پێویستە لە جەنابی ئایەتولڵا پرسیار بکرێت! ئەمەڕاستە، بەڵام هۆکاری کێشەی ئابووری چییە؟ کێشەی ئابووری سیاسەتە، کێشەی سیاسەتیش دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، کە ئەمڕۆ لە دەستی ئێوە مەلاکاندایە.بڕوا بکەن ئەگەر ئێوە نەمێنن، خەڵک باش دەزانن چۆن کۆمەڵگاکەیان ڕێکبخەن و پێکەوە لە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەییدا بژین. ئێوە بڕۆن، چوون سەردەمی ئێوە ئیتر کۆتایی هاتووە.